منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مەرد و نامەرد

کۆمەڵێک حەکایەتی ئەفسانەی کوردی
بەشێوەی ئاخاوتنی خۆشناوەتی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
موحەمەد جەمال توتمەیی

مەردو نامەرد

کۆمەڵێک حەکایەتی ئەفسانەی کوردی

بەشێوەی ئاخاوتنی خۆشناوەتی

ناوی کتێب: مەردو نامەرد

بابەت: حەکایەتی ئەفسانەیی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: موحەمەد جمال توتمەیی

پێشەکی نووسین: م.مەجید عەبدول رەحمان خۆشناو

تایپ: شێروان موحەمەد جمال

پێداچوونەوە:مەریوان محمد جمال

نەخشەسازی ناوەوە: موحەممەد حوسێن خەتی

بەرگ: ئیبراهیم صالح

چاپ: یەکەم - ٢٠٢٣

له بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانه گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (٨٣٣)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی وەرگرتووە

مەردو نامەرد

کۆمەڵێك حەکایەتی ئەفسانەی کوردی
بەشێوەی ئاخاوتنی خۆشناوەتی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی
موحەمەد جەمال توتمەیی

ناوەڕۆك

پێشەکی	٧
چەند وتەیەك	١١
ژن هەیەو ژنۆکەش هەیە	١٣
فەقێ مەحمودی زیرەك	١٧
مەردو نامەرد	٢٣
مام صابر	٢٧
سێ کوڕە پاشا	٣١
میراتگری پاشا	٣٧
پووش فرۆش	٤٢
سێ کۆسە	٤٩
حەسەنە شوڕە	٥٣
سەرکە مەڕ	٥٨
مەلاو کیژە پاشا	٦٨
پیرەژنێ بوختان کەر	٧٦
سێ دز	٨١
سەعد و سەعید	٨٩
خەزێنە	٩٧
فەرهەنگۆك	١٠١

پێشەكی

حیكایەت یان چیرۆك یان گێڕانەوە لە دونیای ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیدا شوێنێكی دیارو شیاوی هەیە،ئەو گەڕان و شوون هەڵگرتنەی حەكایەتەكان بۆ چەند مەبەست بووە، لەوانە (زمان ،ئامۆژگاری ، لەقەدەغە دوان،نزیك بوونەوە لە ئاقیدەی رابردوو) كە رۆژگارێك بیری سەردەمیان بووە،هەر حەكایەتێك بە چەند قۆناغ و زەمەنێك دا رەت بووە،تا گەیشتۆتە ئەمرۆكە بە تۆماركراوی دەیخوێنینەوە.

سەرەتای حەكایەتەكان بە هەبوو نەبوو دەست پێدەكات،ئەوەیان هونەری بە نازەمەن كردن و بێ شوێن كران لە حەكایەتان.

ئەفسانە بە كۆنترین جۆری فۆلكلۆر دادەنرێ ، لەبەر ئەوەی وێنەی ئەو كات و ساتە پیشان ئەدات كە مرۆڤ دەستە وەستان وەستاوە بەرامبەر سروشت نەی توانیوە تەفسیری رووداوەكان بكات ، لەرووی سروشت و دەوروبەری ، ئەفسانە هەوڵی سەرەتایی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن و ناسینی جیهان و دەوروبەری.

لە ئەفسانەی كۆنی یۆنانی خوای خێرو شەڕی داناوە ،لە ئەفسانەی كوردیش ئەهریمەن و ئاهورامەزدا هەیە، لەئەفسانەی كوردی كێشەو ململانێ لەبەینی هێزی شەڕو هێزی خێرهەیە ، لەنێوان مرۆڤ و دێو و جن هەیە،ئەوەی سەردەكەوێ تەنها مرۆڤی چاكەو پاكە.

لەئەفسانەی کوردی هێزی خێر کە مرۆڤـەدونیای داگیر کـردوەو بـێ ترس دەژی،لەژێر تیشکی رۆژو لە ژێر رووناکی رۆژلەبۆ خێرو خۆشـی و خۆشەویستیش کاردەکات.

بـەلآم هێـزی شـەڕو تاریکیکـە ژمارەیـان کەمەلـەتاریکی و کونـە ئەشکەوتەکان دەژین و لەتیشکی رۆژورووناکی زۆر دەترسن.

لەئەفسانەی کوردی هێزی شەڕ بەرەو نەمان دەچێت،، وێنـەی مـارو عەزیا کەلە ئەفسانەی کوردیا هەیە،ئەویش وێنەیەکی تـرە لـە هێـزی شـەڕکەزانایانی میسـۆلۆژیا ئـەو شـتە بـە بـاوەڕی ئایینەکۆنـەکان دەبەسـتنەوە،هێزی خێـریش لـە شـێوەی جیـا جیـا لـە ئەفسـانەو حەقایەتی کوردی دەردەکەوێ لەشێوەی پیاو چاك لە چۆڵ و بیابـان دەگاتە ئەوانەی بەدوای مەرامێك دا دەگەڕێن یان رێگات ون دەکەن، لەئەفسـانەکان بەخـدری زینـدە نـاوی دەبـەن،میتۆلۆژیا بریتیـە لـە زانستی لێکدانەوەی ئەفسـانەو خورافیـات، لقێکـە لـەو زانسـتەی کـە بەدوای واتـا ئەفسـانەکان و پەیوەنـدی نێـوان ئەفسـانەی کیشـوەرە جیاوازەکان و میللەتەکانی جیهان دەکۆڵێتەوە، میتۆلۆژیا لە ئایین و مێـــژوو و خـــەیاڵ و شـــێعرو ئـــەدەب پێـــك دێـــت، هەقایەتـــە کوردەواریەکانی برای خۆشەویستم محمد جمال بـەدەر نـین لەگـەڕان بەدوای شتە شاراوەکانی ژیانی مرۆڤی کورد، لەزۆربـەی چـیرۆکەکان هێزی خێرو چاکەبەسەر هێـزی شـەڕ زاڵ دەبـێ و تێکـی دەشـکێنێ، ئەوەش ململانێ ی مرۆڤە لەپێناوی خۆ پاراستن و مانەوەی.

نووسەر بە زمانێکی کوردەواری و بێگریّ، واتا زیاتر بە زاراوە پاراوی خۆشناوەتی دای رشتوون، وە زۆر وشەی کوردەواری رەسەنی تێدا بەکار هێناوە، بێگومانم خوێنەری ئەمڕۆ کەم پێی هەزم دەکریّ،

ئەوەی جێگای خۆشحاڵی و دەستخۆشیە ، نووسەر فەرهەنگۆکەیەکی زۆر شیاو ریك و پێکی وشەو زاراوەو دەستەواژەکان داناوە، تا کەس لە تێگەیشتنی دا نەمینیّ.

دەستخۆشی لێدەکەم.

م.مەجید عەبدالرحمن خۆشناو

هەولێر، چلەی هاوینی ٢٠٢٣

چەند وتەیەك

سەردەمێك نەکارەبا هەبوو، نەهۆیەکانی راگەیاندن، نەهۆیەکانی هاتوو چۆ، تەنانەت رادیۆش جگە لە چەند مالێکی خوا پێداو،زیاتر بوونی نەبوو،لەشەوانی دوورو درێژی جارانی زستانی گونددا ، لەدیوەخان،دوای نوێژی خەوتنان کۆ دەبوونەوە، لەبەر تیشکی فانۆس و قەندیل و لەمپا،لەبەر سۆبای دارو دابارینی بەفروبارانـدا، دوای خواردنی چایی و کۆبوونەوەی مێوانەکان، و حەکایەت زانەکان، ئەوانەی قالبووی بواری گێڕانەوەی حەکایەت بوون،داوایان لێدەکرا کەوا حەکایەتێك بگێڕنەوە،ئەوانیش خۆیان گران دەکرد، یاخود داوای ئەوەیان دەکرد کەوا چایە یان قەنداوی بۆ ئامادەبکەن، یان لەجگەرە پێچانەوە بێبەشی نەکەن،ئنجا دوای جێبەجێکردنی داواکاریەکەی دەستی پێدەکردو بەم جۆرە پێشەکیەکەی دەڕازاندەوە:

حەکایەتەکوو لۆکەم کەلام بی

ئاو لەگوێیان سەلام بی

بۆقیٚ رانك درویبی

قرژاری هەربڕیبی.

ئنجا بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد:

هەبوو نەبوو، کەس لەخوای گەورەترنەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویست تر نەبوو، کەس لەشەیتانی مەلعوون ترنەبوو.کەس لەبەشەری درۆزن روو رەش تر نەبوو.

ئەوجا بۆ ئەوەی خۆی لەراستی و درۆی حەکایەتەکە دوور بێخی،ئەی گوت(بەقسیێ ئەو مامۆستایەی ئەمن گویێ لێبووە،)لەحەکایەت گێڕانەوەکانیشدا عادەتەن پاڵەوانی سەرەکی داستانەکە لەجەنگدا لەگەڵ دێو و درنج و پیاو خراپەکاندا ناوی (ئەحمەد بووە)،لەزۆربەی چیرۆکەکان دا هەر ئەحمەد گورز وەشێن بووەو دەم ولێوی دێوی بڕیون و لەناو توورەکەیەکی ناون،دواتر لەناو کۆڕی مەدریسدا هەڵیرشتوون، بۆ سەلماندنی ئازایەتی خۆی.

خوێنەری ئازیز، ماوەیەکی زۆر ە ئەو چەند حەکایەتەم لەلایە، لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، تۆمارم کردبوون،هیوادارم لەگێڕانەوەی کەوەك خۆی دام رشتوونەتەوەو هەربەو زاراوەیەی خۆشناوەتی بلاویان دەکەمەوە،بەئومێدم سوودی لیێ ببینن،ئەو زاراوانەی کەنامۆن لاتان ئەوا لەفەرهەنگۆکەکی کورتیلە ماناکانم شیکردونەتەوە.هەروەها سەردەمی ئەمڕۆ خوێنەر زیاتر حەزی لە بابەت و چیرۆکی کورتە، تاقەتی خوێندنەوەی بابەتی دوورو درێژی نیە، بۆیە کامە چیرۆکی کورتە بۆم هەڵبژاردوون.

هیوادارم سوودێکم بەزمان و کەلتوورو کەلەپووری کوردی گەیاندبی ، لەهەڵەکانم چاوپۆشی بکەن،سلاو بۆ هەموو لایەکتان.

محمد جمال توتمەیی

هاوینی ۲۰۲۲ - بالیسان،زێلان

ژن هەیەو ژنۆکەش هەیە

هەبوو نەبوو پاشایەك هەبوو هەتا برێی پاشایەکی عادل بوو , ئەو پاشایە شەوێ ئەگەڕا بەتەنێ لەناو شاری لۆئەوەی کە بزانی داخوە ئەم عالەمە چەکاو چ ناکا ,

شەوەکێ ئەگەڕا لە کۆڕانەکی خۆی دانوساند تەماشەی کردێ ژنەکە بە مێرد حەزی لە کابرایەکی ئەکرد , کابرا ئەیگۆ دەبی مێردی خۆم لۆ بکوژی بیکەیە پرد بەسەری دا تێپەڕم ئەوجا دێمە کنت , ژنێ بە مێرد هەستا بەو شەوەی مێردی خۆی کوشت و کردیە پرد بەس لۆ ئەوەی دۆستی بێتە کنێ ،وەکی کابرای چوە کنێ پاشا چوو مۆرەکی لە دەرکێ دان هەتا سبەینێ بیانبینیتەوە ،ژنەکە هەرستا چی کرد وەکی تەماشەی کرد مۆری لەدەرکێ درابوو ، لۆ ئەوەی کە مارێ خۆی تێدا بزر کا هەرستا دەوری پەنجا شێست دەرکەی مۆر کردن،

سبەینێ پاشای خورام ناردن کە بچن ئەوێ ژنێ بینن ، وەکی تەماشەیان کرد ئەو گەڕەکە هەموو دەرکان ئەو مۆرەی لێدرایە،

گەڕانەوە کن پاشای حارو مەسەلەیان لۆ گێڕاوە پاشا زۆر تورەبوو بانگی وەزیری کرد گۆتی وەزیر ئەمن چار ڕۆژان لەو شارەی ئەڕۆم ،پاشـی چـار ڕۆژان بێمـەوە یـەك ژن چـیە لـەو شـارەی مـابی و نەتکوشت بن لەسەرتە دەم ، پاشا بەسەفەر چوو ،وەزیـر زۆر بـە عادزی گەڕاوە ماریٚ پیرە باوەکی هەبوو هەندە پیر بوو بوو دەناو قەفـەزێیان کردبـوو ، پـیرە بـاوی گۆتـە وەزیـری کـوڕم چ ژنـان مەکوژە وەکی پاشا هـاتۆوە ئـەمن ببـە کـن پاشـای دوو قسـانی دەگەرەکەم ئێجا بابتکوژێ ،وەزیری گۆ باشە،

چـار ڕۆژ پێچـوون پاشـا هـاتۆوە تەماشـەی کـرد ژن لـە جـاران زۆرتربوون و بەکەیف تر بوون ،گۆتی بانگی وەزیـری کـەن ،وەزیـر چوو پاشای گۆتە جەللادی سەری وەزیـرم لـۆ بـبڕە ،وەزیـری گـۆ پاشا قەیدی ناکا لەسـەرم دە ،بـەس ئێـك دەعـوام هەیـە پێشـی بمکوژن ، پاشای گۆت دەعوات چیە؟

وەزیری گۆ پیرە باوەکم هەیە دەناو قەفەزیٚ دایە بابیهیننـە ئێـرە پێم خۆشە باوی خۆ ببینم ،

چوون باوی وەزیریان هینا ،باوی وەزیری گۆ پاشا لەبەر چ سـەری کوڕی من ئەبڕی ،پاشاش بەسەرهات لۆ گێڕاوە ، باوی وەزیری گۆ پاشا ژن هەنەو ژنۆکەش هەنە ئەتوو بەواستەی ژنەکیٚ کوو هـەموو

ژنان ئەكوژی ژن هەموو وەكی ئێك نینە با بەسەرهاتیٚ خۆت لۆ بگێڕمەوە:

پیرە باوی وەزیری گۆ سوارەك بەو شارەی فێربوو بوو هەموو شەویٚ دات بانگی ئێكیە كرد كابرا داتە دەریٚ سوارەكە كابرای ئەكوشت ، نۆرە هاتە سەرە من هێواریٚ هەسپی خۆم زین كردو وەكی عالەمێم نەكرد خۆم حازر كرد، نیوەی شەویٚ بانگی كردم و گۆتی حازری گۆتم بەریٚ حازرم ،ئەو گەیشتە پێش دەركیٚ و ئەمنیش سواری هەسپی خۆ بووم و وەدوی كەتم زۆریشە ترسام لە رێییٚ چوونكە لەمنی دوور بوو وەختەكی گەیشتینە شاخەكی گەورە سوارەكە هاتە خواریٚ و گۆتی وەرە هەسپم لۆ بگرە، ئەمنیش چووم هەسپم لۆگرت سوارەكە پارەوان بوو تەختە شاخەكی برند كردو چۆوە ژۆریٚ دێوەك لەویٚ بوو كوشتی و هاتە دەریٚ بانگی منی كردو گۆتی ئەمن ئەویٚ دێویٚ حەفت برایا لێكوشتیمە شەویٚ داتم كە بانگی ئێكەكمە كرد لۆ هەندێم بوو بەس هەسپم لۆ بگری هەتا دێویە كوژم، هەرچی بانگمە كردیٚ بە كراس و دەرپێیان داتە دەریٚ ئەمنیش لە خەفەتان ئەكوشت لەتووم زیاتر چ پیاوی دی نەدی ، سوارەكە نیقاشی لەسەر سەرو قالبی خۆ هەرگرت تەماشەم كردیٚ ژن بوو، گۆتی ئەمن حەفت برام هەبوون هەر حەفت برام ئەویٚ دێویٚ كوشتن ، بڕیاریشم دابوو هەر پیاوەكی لەگەرم بیٚ مارەییٚ من لەوی هاتبی ، هاتینەوە

شاری و لە خۆم مارەکردو ئەو وەزیرەی بەتەمای بیکوژێ لەو ژنیە ، پاشای گۆ وەڵلاهی ڕاستە ژن هەنەو ژنۆکەش هەنە ئەوا ئازادم کرد.

ئەمنیش هاتمۆوەو چم پێ نەبڕا .

ئەم حەکایەتە سلیمان فەتاح صالح لۆی گێڕامەوە

خوێندەوار

تەمەن٥٤ سال

خەڵکی گوندی توتمە

ساڵی ١٩٨٨ لەتۆردوگای شکارتە لۆی گێڕامەوە

فەقێ مەحمودی زیرەك

مــەحمود هەرلــە منــداریێوە منــدارەکی زیــرەك و زۆرزان و ژیکەلــە بوو،ئەچــووە نــاو مەدریســـان و گــوێی لەپیرەمێردانــەگرت و زۆری بەدیقەت و حەزی لە زانینــێ هــەموو شــتەکیە کــرد، داك و باوانیشــی داخوا بــەس ئــەو کوڕەیــان هەبوو،هەرچــی گۆتبــای لۆیــان جێبــەجێ ئــەکرد، هەرســتان لەبــەر خوینــدنێیان دانــا، چــووە نــاو فــەقێیان،لۆ مەسرەفی خویندنێ مــەحمودی داك و بــاوی ســەبر ســەبرە ئەشــیای ماریێیانە فرۆشت ،هەتا خویندنێ تەواوەکات، هەموو جا وەکی فــەقێ مەحمود داتۆ ماریێ هەستیەکرد ماریان هەر کمە بیتۆ، رۆژەکێــی لــێ پرسین گۆتیێ: ئۆباو،دایێ ئۆلۆ ماریێ مە هەرکمە بیتۆ؟

ئــەوانیش گــۆ: کــوڕم چــت لێوەشێرین،هەمووشــتێ لــۆ مەســرەفی خویندنێ توو فرۆشت، پێن خۆش نەبوو ئی موحتاج بی، ئی بێ جلك بی، پێن خۆش بوو لەناو فەقێیان دیاربی.

فەقێ مەحمودی فکر کردۆ،گۆتیە داکو باوان: مادام وێیە دەبی لێــرە برۆین، پێم خۆش نیە لــەو گونــدەی بمینێینۆ،وەچــاکە بــرۆین لۆخــۆ لەجێیەکی دیکە بژین و کاسبیێ بکەین،خویندنیشــما تــەواو کردیــە،

ئەچین لەجێیەکی دی دەرۆزێش و لۆ بکەم لێناگەرێم موحتاج بن.هەرستان شاری خۆیان بەجێ هێشت و رۆیشتن،گەیشتنە شارەکیدی،پاشای ئەو شاری زۆر دەگەر خەرکی ئی باش بوو، لەچاکەو پیاوەتیێ دەنگی دابۆوە،فەقێ مەحمود چووە دیوانێ پاشای و بەخێراتنەکی گەرمیان کرد،فەقێ مەحمودی گۆتە پاشای: پاشام خۆشبی،ئەمن ماوەکە خویندنم تەواو کردیەو بەحسی چاکەو پیاوەتیێ تووم زانیە،هاتینە کنەتوو،داك و باوێ من هەرچی مار هەبوو،هەموویان لۆ خویندنێ من فرۆشتیە،ئەمیش پێخۆشە،لەباتی هەندێ خزمەتیان بکەمۆوە، پاشاش ئەمر کردو گۆتی،فەقێ مەحمودمارەکەباش لۆ داك و باوامن دانێم،ئەتووش بەکەیفێ خۆبە،لێرا مینێیۆ یان کێواچی کەیفا خۆتە.

فەقێ مەحمودی وەگۆ: ناوەڵلا پاشام خۆشبی، ئەتوو ئێك شتی دەگەرەمن بکە، باداك و باوم لێرەبن،تاقمە جلکەکی جوانم بدێ دەگەر هەسپەکی،پاشاش ئەمرەکانی جێبەجێ کردن،فەقێ مەحمود سواری هەسپی بوو و لێیدا رۆیشت.ئەو شارەشی بەجێ هێشت و رووی دەچۆلیان کردو پشتی دەئاوەدانیان، هەر رۆیشت وەختەکی گەیشتە سوارەکی،ماندی نەبوونی لێکردو گۆتیە سواری کێواچی؟سواریش گۆ: کاغەزەکم وێیە لۆ حاکمی ئەو شارەی لە پێشیتن، فەقێ مەحمودیش کاغەزەکەی لێوەرگرت و خوێندیۆوە و دیتی نویسرایە(هەروەختەکی ئەو کابرایە گەیشتە کنت ،عەلەل

هەجەلە بیکوژن)،فەقێ مەحمودیش راستیەکەی پێئەرێ و ئیدی سوارەکە ئەگەڕێتۆو زۆر دوعایان لۆ فەقێ مەحمودیەکات،لەوێڕا فەقێ دەست بە ڕۆیشتنی کاتۆو ئەگاتە ئەو شارەی کە مەخسەدیتی،ئیدی جەرەوێ هەسپی شلەکات و ئەرێ هەسپ چۆ کێندەر، ئەچمە وێندەر،هەسپ بەکەیفێ خۆ ئەڕواو ئەچیتە مارەکێ،وەکی تەماشاکات،ئەو مارە پیرەژنۆکەکە لەسەر دەستێ خۆ ژی ،فەقێ ئەرێتە پیرەژنێ: ئەرێ مارێ،کی لەوێیە ؟مێوانان راگرن؟بێمە ژۆرێ؟.

پیرەژنیش جوابێ داتۆ و ئەرێ: مێوان بەخێربێ سەر چاوان،مێوان مێوانی خوایە،مار بە مێوانان ئاوەدانە،فەرموو وەرە ژۆرێ.

فەقێ مەحمود ئەچیتە ژۆرێ و پیرەژنی زۆر خزمەتەکات، پاشی نان خواردنێ،فەقێ مەحمود ئەرێتە پیرەژنێ:ئەرێ پلکێ لەو شارەی نکۆ چ بەحسە؟چ هەیە؟ چ نیە ؟

پیرەژنیشەرێ:وەڵلا کەسی پلکێ،شارەکی خۆش و بێ کێشەیە،بەس پاشای کیژەکە هەندە مەکرباز و حیلەبازهەیە،هەر جحێرەکی ئەچیتە داخوازیێ بەهانانی پێهەرەگری، هەندەك پرسیاری هەنە کم کەسە زانی جوابێ بداتۆ،تەماشەی ئەو قەسراهێ کە هەمووی بەسەرکە بەشەران دروست کردیە،هەرکەسەکی بچیتە داخوازییێ جوابێ پرسیاران نزانی،راست و راست لەسەریەدا.

فەقێ مەحمود ئەرێتە پیرەژنێ:بەخوای دەنا پلکێ ئەمنیش لۆوی مەسەلێ هاتیمە،هەرچەندی پیرەژنی رەجایێ لێکا،ئەی رێتێ مەچوو،کورم خۆ مەفەوتینە،فەقێ ئەرێ بەخوای پلکێ سەرەکەو هیتایتم ناگەرێمۆ،ئەمیش وەکی ئەو خەرکەی ئەوا ئەچم ،جا بەتەمای خوای.

هەرکووەکی هەبی فەقێ مەحمود خۆ گەینیتە کن قەسرێ پاشای و ئەرێتە خورامان وەبرێنە پاشای مێوانەکت هاتیە،پاشا ئەرێ بابێتە ژۆرێ، فەقێ مەحمود ئەچیتە کن پاشای و سەلامێ لێکات،پاشا ئەرێ:هاکورم خێرە لۆچ هاتی؟

فەقێ مەحمودیش ئەرێ: وەللاهی قوربان ئەرێن کچەکت هێیە ، و ئۆین بازو زیرەکە، ئەمیش هاتیمە هەتا بزانم ئەمنیش وەکی خەرکی سەری خۆ دائەنێم، یان ئەیبەمەوە.

پاشا زۆری لێپاڕێتۆکەواز لەچوونێ بینی و ئەی رێتێ کورم ئی گەنج و جحێری،چیشت بەو ئیشانەدایە، وەدوو ئیشی خۆ کەوە باشترە.فایدەی نەبوو، فەقێ گۆتی تازە هەرهاتیمە بەتەمای خوای.

پاشای بەجێدێری و ئەیبەنە کن کیژێ پاشای ناوی(فەرەحنازە)،

فەرەحناز وەکی ئەیبینی ئێکسەر دۆخینێ دەرپێیێ ئەپسێ، لەدری خۆدا ئەرێ:وەکی لۆ یەچم لەئاخیری گونە رەشی خۆم گەیشتێ، لەچاوانی را دیارە لێی نابەمۆ، زۆری بیژی مۆتە دیارە،

لەسەت ئاوانیدایە و تەڕە نەبووە،دەی بابزانین شەڕە مەترەقی من و فەقێ مەحمودی کووە بی.

ئە ڕێتە فەقێی: کوڕی چاك بە پێم خۆش نیە بتکوژم لەسەر ت دەم ، بەمن بی لەخۆ تێك نادەی و قەسرێ بەجێ بێرە.

فەقێ مەحمودی گۆ: هەی لەمنت نەکەوی، بەرخی نێر لۆ سەربڕینێ باشە،وەرە مەیدانێ، قوڕت وەسسەری تازە لەدەستانم قوڕتار نابی.

فەڕەحنازەرێ: بەخوای بەدرم سوو لێبیۆ،سەری خۆ بەفەتاڕەت مەدە،ئەوجارەشتەرێمێ، زو خۆ قوڕتارکەو لەپێش چاوانم هەلاکۆ.

فەقێ مەحمودەرێ: فرتەفرتی ناوێ،پرسیارێ خۆ بکە،چما بەتەمای لەدەستانم قوڕتاربی.

ئەوێ شەوێ هەرلەپاشی عیشایێ، لەقەسرێ مەنیجایێ،بووە پرسیارکردن لە فەقێ مەحمودی، هاتا سێ پش لەشەوێ چوون،هەموو پرسیاری جواب دانۆو،پێشی بانگی سبەینێ فەقێ مەحمودی گۆت: مەنیجا، بەهەموو عورف و عادەتان ، ئەتوو هەنووکە مارەبیت لەمنا هاتیە، خۆ بامەدەو واز لە فرت و فێران بینەو بانگی باوی خۆ بکە هەتا لێکن مارەکات،

پاشی بانگی سبەینی و دوای نوێژکردنێ، فەڕەحنازێ خواردنەکە شاهانە لەکۆشکی عازرکردو بانگی باو وەزیرو گزیرو مەلاشیان بانگ کرد، پاشی نان خواردنێ، فەڕەحنازێ گۆت:

تۆ چەند سارە ئەمن کەسەکی وەم نەدیتۆ پرسیاریێ من جواب داتۆ، لەو فەقێ مەحمودەی زیاتر، هەموو تەلەسماتەکانی بڕین، هەموو پرسیاریێ منی جواب دانۆ، لۆیێ دەعوا لەباوی خۆ کەم ئەمن بەحەراری بداتە ئەو عەگیدەی،پاشای ئەمر کرد و گۆتیە مەلای تازە ئەوانە حەراری ئێگدینە،ناوي خوای لێبینەو لێکیان مارەکە،بووە شایی و بەزم و ڕەزم، حەفت شەوو حەفت ڕۆژان بووە شایی و لۆغان.

پاشاش هەنگینێ ئەمر کرد، کە دەبی لەجێی من دابنیشی ،گۆتی پاشایەتی هەرلۆ فەقێ مەحمودی باشە.

فەقێ مەحمود چووە دوو داك و باوان و هینانیە کنە خۆ،هەتا مان بەخۆشی ژیان.

ئەمنیش چ پێ نەبڕا.

ئەو حەکایەتە خوا لێی خۆشبی:حاجی قادر عەولا بەگ لۆی گێڕامەوە،تەمەن ٧٥سالّ.

مەردو نامەرد

هەبوو نەبوو مەردەك و نامەردەك هەبوون ،ماوەكی زۆر بـوو وێكـڕان بوون، هەر ئێكی هەشت نۆ دە نانیان وێبـوون ، وەكـی وەختـی نـان خواردنیٚ دادات مەردی نان دینا دەریٚ ئەیان خواردو نامەردیشـە گـۆ با نانی من لۆ دوایٚی بی ، هەتا وەیلێهات نانی مەردی خـەلاس بـوو ، وەختەكی مەرد برسی بـوو گۆتیـە نامـەردی بینـە بـا نـانی بخـۆین ، نامەردی گۆت وەللاّ ئەمن نانی خۆت نادەمیٚ ، مـەردی گـۆت كـوڕە ئەدی نانی منت هەموو دەگەرە من نەخوارد : نامەردی گویٚ نـەدایٚ گۆتی بەخوای یەك پەلكە نان چیە نایخۆی

مـەرد لـە نامـەردی جـودا بـۆوە هـەر ڕۆیشـت ڕۆیشـت هـەتا شـەوی بەسەردا هات لەبرسان و لەسەرمان چوە نـاو ئەشـكەفتەكی ،خـۆی لە كەلێنەكی شاردۆوە ،نیوەی شەویٚ وەختەكی لـیٚ ڕامـا شـێرەك و گورگەك و ڕیویەك هاتنە شكەفتیٚ ، هەر ئێكـی پیسـتە حەیوانـەكیان وێبوو لەبنە خۆیـان ڕاییٚخسـت و ئاگریـان هەركردومەدریسـیان دانـاو خەریكی شەو چەرە خواردنیٚ بوون، هەرئێكی بەحسی ئیش و كـاریٚ

خۆیەکرد، شێری گۆ : فرانە گردی دوازدە کوپە زێڕا تێدانە وەرە کەس پیێ نزانی،

گورگیش گۆ لەپێش ئەویێ شکەفتێ سۆرە مشکەکی لێیە هەموو سبەینان دێتە دەرێ هەندی لیرە وێنە گەمان پێکا هەتا وەڕزەبی دوایێش ئەیان باتۆوە ژوورێ ،مەردیش ئەوا گویێ دایتێ

ڕیویش گۆ/ دەنا پاشای فرانە شاری کیژەکا هەیە عیللەتەکیا گرتیە گرووو بوە هەموو ڕۆژێ دوختۆرو لوقمان دەرمانانی لۆ دانێن بە هیچ چانابی و دوختورو لوقمانەکانیش ئەکوژن ،ئەوی بچی کیژێ وی چاك بکاتۆوە پاشا کیژێ خۆی ئەداتێ و لە جێی خۆی دانیێ ، فرانە شوانی دوو تولە وێنە ،ئێ لەو تولانە بکوژێتۆوە ،خوینێ ئەو تولەی دە قالبی بدرێ چاکەبیتەوە ، وەختی بەیانی هەرسێ دەعبا ڕۆیشتن هەرکەسە لۆ ئیشی خۆی ، مەرد لە شکەفتێ هاتە دەرێ تەماشەی کردێ سۆرە مشك لە پێش شکەفتێ لیرەی وێبوون گەمەی پێکردن ، مەرد ڕاوەستا هەتا هەموو لیرەی هینانە دەرێ بەردەکی گرتە سۆرە مشکی و کوشتی و هەموو لیرەی هەرگرتن و ڕۆیشت لۆلای گردی تەورو خاکەناسی پەیداکردن ، عاردی هەرقەنی تەماشەی کردێ دوازدە کوپە لیرەی تێدابوون هەمووی دەناو گوشەکی کردن هاتەوە شاری ، چوە کن شوانی گۆتی ئەو تولەی بە چەندی ئەفرۆشی شوانی گۆ تولە فرۆشتنی لەسەر نیە بیبە لۆخۆ تولەی هیناو چەنگە لیرەکی دا شوانی ، تولەی کوشتۆوە ، شوشەکی پڕی

خوین کرد و چوە کن ماریٚ پاشای گۆتیە پاشای پاشام خۆشبی دەرمانەکەم هینایە ئەمن بەشەرتت دەگەرەکەم ئەگەر ئەو دەرمانەم دە قالبی هەرسوی بە ماوەی حەفتەکی چانەبۆوە بم کوژە پاشای گۆ باشە ، خوینیٚ تولەی سیٚ جار دەقالبی هەرسوی لۆ ماوەی شەش ڕۆژان سیٚ تفری هاویشتن و چاك بۆوە ، کیژیٚ پاشایان لە مەردی مارەکرد پاشاش گۆت کوڕم ئەمن بەکەلك پاشایەتییٚ نایێم زۆرا پیر بویمە ، لە جێی خۆشی داناو بوە پاشا،

ڕۆژەکي نامەردی چووە کنیٚ وەیگۆتیٚ باشە ئەتوو کوو ئەو هەموو مارت وەدەستکەت و کوو بویە پاشا ؟

مەردی جواب داوە گۆتی وەکی لەکنە توو ڕۆیشتم شەویٚ چوومە شکەفتەکیٚ ڕیویەك و گورگەك و شێرەکی هاتنیٚ دەستیان بە قسان کردو گۆتیان : فرانە جێی زێڕا لێیە ،پێش شکەفتیٚ لیرە لێنە، بە فرانە دەرمانیش کیژیٚ پاشای چاکە بیتۆوە ،نامەردی وەکی گویٚ لێبوو گۆتی وە چاکە ئەمنیش وەبکەم ، هەستا چوە ناو شکەفتیٚ خۆی لە جێیەکی شاردەوە ،نیوەی شەویٚ شێرو گورگ و ڕیوی هاتن ئاگریان هەرکرد و دەستیان بە قسان کرد، ڕیوی گۆت باشە ئەمن ئەوڕۆ شوان دیت تولەی دەگەر دانەبوو چ مەعنایە،گورگیش گۆ سۆرە مشکیشیان ئەوا کوشتیە زێڕیشیان ئەوا بردیە ،شێریش گۆ بەخوای ئەوڕۆ چوومە تەماشەی گردی هەر دوازدە کوپە لیرەیان ئەوا هینانیە دەریٚ ، گۆتیان شەویٚ دی زەلامەك لێرەبووە گوێی

لەقسێ مە بووە لۆیێ ئەو شتانەی زانینە، گۆتیان دەبی ئەوشەویشی کەس لێ نەبی با شکەفتێ بنۆڕین ،شکەفتێ گەڕان نامەردیان دیتۆوەو پارچە پارچەیان کرد

ئەمنیش هاتمۆوە چم پێ نەبڕا.

زرار مولود ابراهیم

خەڵکی تونمە

تەمەن٦٠ ساڵ .

خوێندەوار

ئۆرىوگای شکارتە ١٩٨٨

مام صابر

ئەگێڕنۆوە ئـەرێن کابرایـەك هـەبوو نـاوی مـام صـابر بـوو ،ئـەو مـام صابرە هەتا برێی فەقیر بوو جوەکی جیران بـوو ئـەو جـووە توجـار بوو ،ژنیٚ مام صابری ڕۆژیٚ ئەچووە ماریٚ جووی ئیشی لۆ ئەکردن و هێوارانی چار نان دینان ئێك لۆخۆ ئێك لۆ مێـردی هەردووکێـدیش لـۆ کوڕانی دوو کوڕی گچکەشی هەبوون،ڕۆژەکیٚ جووی توجار ژنیٚ مام صابری دەناو صندوقەکی ناو هاویشتیە ناو باری و دەگەرەخۆی برد لۆ توجارەتییٚ ،ژنیٚ مام صابری زۆرە جوان بوو جووی تەماعی تێوە کردبـوو لۆبێشـی دەگـەرە خـۆ بـرد، مـام صـابری فـەقیر چ چـارەو مەفەری نەمان گۆتی وە باشە ئەو دوو مندارارنە ببەمەوە لای خزمان ، خزمیشی لە گوندەکی دی هەبوون ، هەرستا هەردووکی لە ئـامێزیٚ کردن ، تووشـی ڕوبـارەکی هـات ئێکـەکی لـەو بـەری ڕوبـاری دانـا و ئێکیشی لە ئامێزیٚ کردو گەیشتە ناو ئـاویٚ ئـاوڕی داوە گـورگ هـات منداری ئەوبەری بـرد ،لـەتاوانی منـداریٚ ئـامێزیٚ لـە دەسـتی کەتـە خواریٚ و بە ئاوێداچوو،ئەوی گورگی بردبوو شوانان لیٚ ستاندەوەو بە خێویان کرد ،ئەوی بە ئاوێشدا چوو ماسیگران گرتەوە ئەوانیش ئـەو

بەخێو كرد، مام صابریش لە عێدزیان ڕۆیشت گەیشتە شارەكى ، لە ڕێیێ گۆتیە كابرایەكى دەبى كەس چ خورامان ڕانەگرى گۆتى ناوالله بەرا پاشاى ئەو شارەیا مردیە هەڕوو تازیەیە تێرى نانى بخۆ ،گەیشتە ناو شارى چووە مزگەفتێ فاتیحەكى خویندو تێرى نان خوارد هاتە دەرێ تەماشەى كرد عالەمێ شارى هەموو خڕبویتۆوە چووە كن قەرەبارەغیێ گۆتى ئەو قەرەبارغیە چیە ؟ گوتیان ئەوا پاشاى هەرەبژێرن ،بازى هەرەدەنە عاسمانێ لەسەر سەرى كێ هەرنیشتەوە ئەو پاشایە ، بازیان هەردا باز گەڕا گەڕا تا گەیشتە سەر سەرى مام صابرى و نیشتەوە ،گۆتیان باز غەرەتى كرد ئەوجارەیان تێفڕەدا دیسانێ لەسەر سەرى وى نیشتەوە هەلیشى سێ جارە ، گوتیان باز دیسان غەرەتى كرد ،چوون مام صابریان لەناو غورفەكى كردو دەركیان لەسەر قەپات كرد و بازیان هەرداوە باز دیسان گەڕا گەڕا هەتا ئەو خانیەى دیتۆوە دە پەنجەرێدا چوە ژۆرێ و لەسەر سەرى نیشتەوە ، مام صابریان هینا دەرێجلكێ پاشایان دەبەر كردو بووە پاشا،

بابچینەوە سەر بەحسى كوڕانى بزانین چیان لێهات ئەوەى لەكن شوانى بوو گەورەبوو لۆ خویندنێ ئەگەڕا ،ئەوى لە كن ماسیگرانیش بوو بە میسالى لە دوو ڕیانەكى گەیشتنە ئێگدى و ماندى نەبونیان لە ئێگدى كرد سوئالیان كرد لێكدى كێوا چى كێوە ناچى ؟ هەردووكان گۆت لۆ خویندنێ ئەگەڕێم،بوونە ڕەفیق لە ڕێیێ ئێكى لە ئیدى

پرسیار کرد کوڕی کێی و کوڕی کێ نی ؟ هەردووکان حارو مەونوعێ خۆ لۆ ئێگدی گێراوە دەستیان هاویشتە ملێ ئێگدی تێریان ئـەولاو ئەولای ئێگدی ماچ کرد گۆتیان ئەمە تازە ئێکدین دیتـەوە بـەرا کـوو داك و باوان ببینینەوە ؟

ڕۆیشتن چوونە ئەوشاری باویان لێ بویتە پاشا ، پاشای زۆر حورمەت گرتن و هەردووکی کردنە ئەمینداریێ خۆ چونکە هەنـد ئـە دەسـتپاك بوون پاشا لە هـەموو شـتەکی لێیـان ئـەمین بـوو، ڕۆژەکـێ جـوو لـە گەڕانەوێدا بەوشارەی داهات لەتوجارەتی ئەچۆوە ئـەو جـوەی کـە داکێ ئەو دوو کوڕانەی وێیەو دەناو صندوقێی نایە ،شەوێ چووە کن پاشای و گۆتیە پاشای پاشا ئەمن توجارم ئەشیام زۆر وێیـە مـادام ئەتووش پاشای ئەو ئەشیایە ئەمانەتی تووە هەتا سبەینێ ،پاشـاش گۆتێ خەمت نەبی دوو کەسی هەند ئەمینت لۆ ئەکەمە حـەرەس کـە یەك ئەشیا نەدزرێ ،هەستا بانگی ئەو دوو کوڕانەی کردو گـۆتی ئـەو ئەشـیایە ئەمانـەتی ئەنگۆیـە دەبـی ئەوشـەو حەرەسـیاتی لێبگـرن ،گۆتیان باشە شەوێ چوونە کن ئەشـیای جـووی توجـار لەتەنیشـت صـندوقێ دانیشـتبوون سـەربردەی یەگـدیان لـۆ ئێگـدی ئـەگێراوە پیکەوەیان وەگۆ ئەمە ئەوە خوا ڕەحمی کرد ئێگـدین دیتـۆوە بـەس بریـا داك و باویشـن دیتبـانۆوە، داکیشـیان ئـەوا لـەناو صـندوقێیە ،داکێیان هاوار کردو گۆتی ئەمن داکێ نگۆمە هینایانە دەرێ ئێگدیان ماچ کردو شەوێ ئێکی سەروە باسکی کردو ئێدیش سەر وە باسکی

دی کردو خەویان لێکەت ،سبەینیێ زوو جوو چوو تەماشەی کردیێ ئەوا دوو کەسان سەر وەباسکی ژنەکەی کردیە،غاریدا چووە کن پاشای گۆتی پاشا ئەمن شەویێ ئەو ئەشیایەم ئەمانەتی توو کردبوو ئەمانەت لەلای ئیسلامان شتەکی زۆر گەورەیە ،ئەو دوو حەرەسانە شەویێ تەعەروزی ناموسێ منیانا کردیە ، پاشا زۆر توڕەبوو ئەمری کرد لەسەریان دەن نامەویێ جارەکی دی بیانبینمەوە ، وەزیرەکی گۆت پاشا با مەحکەمەیان بکەین ئەوجا هەنگینێ لەسەریان ئەدەین

حاکم دانیشت گۆتیە کوڕەکان ئەنگۆ شەویێ دی لۆ چوینە کن ژنێ ئەو توجارەی ،گۆتیان وەللا بابە ئەو ژنە داکێ خۆیتن ئەمە کوڕیێ ئەو ژنەینە ئەو جووە توجارە داکێ مەی لەسەرە مە هەرگرتیە لەناو صندوقێی نایەو بردیتی پاشاش ئەوا گویێ لێیە پاشاش گۆت مادام وەبی ئەنگۆ برابن و ئەو ژنەش داکو بی ئەمنیش باوی نگۆمە، جوویان هینا لەسەریان داو هەموو پێك شادبوتۆوەو ئەمنیش هاتمۆوە

زرار مولود ابراهیم

سێ کوڕە پاشا

پاشایەك هەبوو سێ کوڕی هەبوون پاشا زۆری شڕبوو وەختی مردنێ بانگی هەرسێ کوڕانی کردو گۆتی ئەمن ئەمرم پاشی من لەنگۆ لەهەرسێکان کوڕەك بارنج بی پێی نەکرا وەبرێ کیهە کوڕ بارنج بی وەکی عیزرائیلی ڕووح کێشا ، پاشی تازیێ کوڕی گەورە ئەگۆ ئەتوو بارنجی ئەوی دی ئەگۆ ئەتوو بارنجی دوایێ پێکهاتن کە بچنە لای برادەرەکی باویان کە هەم پاشا بوو هەم مەلاش بوو وەڕێکەتن گەیشتنە جێیەکی برا گەورەی گۆت ژنەك بەو ڕێیەی دا تێپەڕیە برای ناوەنجی گۆت ئەو ژنە حامیلەشە برای گچکەش گۆت ئەو ژنە لەمێردی خۆ توڕەبوە زۆر ئاوریشی لە پشتە خۆ داینۆوە چاوی لە دوو مێردی بووە مێردی ژنەکەیان گەیشتێ گۆتی چ ژن و نەدیتینە بێرەدا تێپەڕی ؟گۆتیان ناوەڵاهی نەندیتیە کابرای وەگۆ وەڵلاهی ئەنگۆ ئەوا دیتیتو تازە پێشی ئەمن بێم بەعسی ژنێ منوە کرد، قسەك لەوان و ئێك لەوی زۆری نەمابوو بەشەڕ بێن ،دوایێ برایەکان گۆتیان باشە برا دە دەگەرەمە وەرە ئەمە بەخۆ لۆ شرعێ ئەچین ئەتووش دەگەرەمە وەرە ، کابرایان وەگەرکەت گەیشتنە جێیەکی

دی براگـەورەی گـۆت حوشـترەك بێـرەدا ئـەوا تێپەڕیـە ،بـرای نـاوەنجیش وەگـۆ بارەكیشـی لێبـووە لایـەكی ڕوون بـوە لایـەكی هەنگوین بووە ،برا گچكەش گۆت ئـەو حوشـترە چاوەكیشـی كـۆرە بووە دەو قسانە دابوون ساحێبی حوشـترێیان گەیشـتێ پرسـیاری حوشترێی لێكردن گۆتیان نەندیتیـە ،كـابرای گـۆت ئـەدی كـوە زانـن بێـرەدا هاتیـەو ڕوون و هـەنگوینی لێبـوەو چـاوەكی كـۆرە بـووە ، برایەكان گۆتیان تورەبوونی ناوێ ئەتوش دەگەرن وەرە بچینە لای مەلای لۆ شرعی، ئەویشیان دەگەرەخۆ بردو گەیشتنە مارێ پاشـای و سەلامیان كرد و گەلەكیان بە خێرهینـان ، برایـەكان گۆتـە پاشـای ئەمە هیچ شرعێ هەیـە لەكنـەتوو بـەس ئـەو دووانـەش شـرعا هەیـە ئەوان زوو وەرێكە، گۆتیە ئێكی ئەتوو شرعت چیە ؟ كـابرای گـۆت ئەمن لە ژنێ خۆم ئەنۆڕی لە ڕێیێ گەیشتمە وان بەحسی ژنێ منیـان ئەكرد وەشم گۆتنێ ژنێ منو نەدیتیە گۆتیان نەء ، پاشـای گۆتـە برا گەورەی كوو و زانی ژنێ وی بەوێ دا تێپەڕیە برا گـەورەی گـۆت ڕێ قوڕ بـوو جێـی پێراوانـی دیـار بـوو گۆتیـە بـرای نـاوەنجی ئـەدی ئـەتوو كـوو زانـی حامیلەیـە ؟ بـرای نـاوەنجی گـۆت بەهەنـدێم زانـی شـاقاوی كـورت هاویشـتبوون و بـە هـوردی ڕۆیشـتبوو ، ئـەدی بـرا گچكە ئەتوو كوت زانی ئەو ژنە پشێمانی بوو ؟ برای گچكە گـۆت لـە ڕۆیشتنێ ڕا دیـار بـوو جێـی پێیـانی دیـار بـوو كـە هـەر شـەقاوەكی ڕۆیشت بوو پێراوی سوڕاندبۆوە ئاوڕی لۆ پشـتە خـۆ دابـۆوە داخـوە مێردی بەدوو دا نایێ ،پاشای گۆت بابم لەسەر قسێ ئەوانە هەڕوە

دووژنیٚ خۆ دیارە چاوی لەدووی ، ئەوانە وەجاغ زادەنە هەموو شتەکی ئەزانن، کابرا بەغار ڕۆیشت ،مایتۆوە ساحێب حوشتر ، وەیگۆتە برا گەورەی کوت زانی حوشتر بە ڕێیێدا تێپەڕیە برا گەورەی گۆت قوڕبوو جیٚ پێی حوشتران لە چاو هەموو وراغیٚ دی دیارە ،ئەدی برای ناوەنجی ئەتوو کوو زانی لایەکی ڕوون لێیەو لایەکیش هەنگوین ،گۆتی لەهەندێم ڕا زانی لە جێیەکی کەتبوو لای ڕوونی مێش لیٚ هەرنیشتبوون لای هەنگوینیشی لێندرابوو زەنگەتەی لیٚ نیشتبوون ، ئەدی برا گچکە ئەتوو کوو زانی چاوەکی کوڕەیە؟ گۆتی لە جێیەکی لەوەڕابوو لای چاوی ساغی گیای لەسەر ڕێچکان هینابووە دەریٚ لای چاوی کوڕەش سەرە ڕنەکی دابویٚ و هەندەی نەخواردبوو،پاشای گۆتە ساحێب حوشتریٚ هەڕوە دوو حوشتریٚ خۆ ئەوانە وەلینە هەموو شتەکی ئەزانن ،ئەویش ڕۆیشت ،مانەوە سیٚ برایەکان پاشای شەرم بەخۆ بوو وەیان بزێتیٚ شرعی نگۆ چیە چ نیە، بانگی شوانی کردو گۆتی هەڕوە کن شوانی کیهە بەردیلی قەرەوە بیهینەوەو بیکوژەوە ،پاشای چ گۆ خورامی وەکرد وەختی نان خواردنیٚ داهات پاشای گۆت ئەمن ئەچمەوە لای ماریٚ ئەنگۆ شەرمیٚ مەکەن نانی لۆخۆ بخۆن ، وەشی گۆتە خورامی خۆ لە پەنای دەرکیٚ کرکە هەرچ قسەکیان کرد وەرە وەمبریٚ ، خورامی گۆ باشە دەستیان بەنان خواردنیٚ کرد، لەسەر نان خواردنیٚ براگەورەی گۆت ئەو گۆشتە گۆشتی کسۆکیە پاشای لۆمە کوشتیتۆوە،برای ناوەنجی گۆت جا ئەوە چیە ئەو ژنەی ئەو نانەی کردیە بیٚ نوێژ

بووە،برا گچکەش گۆت وەلاّ دەنا پاشاشی بیژیە لە باوی خۆ نیە خوراميش ئەوا گوێ دايتێ،پاشی نان خواردنێ نانيان هەرگرت و پاشای بانگی خورامی کرد گۆتی چيانگۆ،خورامی پێ شەرم بوو گۆتی هيچيان نەگۆ پاشای گۆ وەڵهی قسێ نەکەی ئەتکوژم خورامی لەترسان قسە لۆ پاشای کردو گۆتی ئێکی گۆت ئەو گۆشتە گۆشتی کسۆکیە ئيدی گۆت ئەو ژنەی ئەو نانەی حازر کردیە بێ نوێژ بووە ئيديکە گۆ پاشای بيژيەو لە باوی خۆ نيە، پاشا زۆر بە قسێ بيژيێ خۆ تێك چوو، هەرستا ناردیە دوو شوانی گۆتی شەوێديم لە خەونێ دی وەمزانی ئەو بەرديلەی ئەتوو کوشتەوە کسۆك بوو ، شوانی گۆ وەڵاهی پاشا چت لێ وەشێرمۆوە وەختی خۆی وەکی ئەو بەرديلە بوو داکی مرداربۆوە دێرەکەك لەوێ بوو ئەو بەرديلە ئەو دێرەکەی ئەمێژی هەتا گەورەبوو ، پاشای گۆ بەقورئان مادام ئەوە وەبوو دیارە ئەمنيش بيژيمە ،هەرستا بەخۆ چووە ناو ژنان گۆتی کێ نانی ئەورۆ کردیە گۆتيان ئەو ژناهێ ،چوو وەيگۆتێ ئەتوو بێ نوێژی ؟ گۆتی ئەرێوەڵلا پاشا ئەوە سێ ڕۆژە بێ نوێژم يەك نوێژم نەکردیە ،پاشای بەتەواوی بڕوا کرد کە بيژيە، پيرە داکەکی هەبوو هەندی خۆش ئەويا لەناو قەفەزێی کردبوو شيری دەست کردێ چووە کنی و وەيگۆتێ ، دايێ ئەوە چەند سارە ئەمن ئەتوو بەخێوەکەم يەك سوئالت لێکەم ئەگەر بەڕاستی جوابێم بدەيەوە عەفووت ئەکەم ئەگەر بەخەرەتی جوابێ بدەيەوە شەرت بی لەسەرت ئەدەم ، پاشای گۆتێ ئەمن لە باوی خۆمە يان بيژيمە ؟

داکێ گۆتێ وەڵڵاهـی کـوڕم چـت لێ وەشـێرم جـارەکێ بـاوت چـووە حـەجێ پیـاوەکن هاتـە کنـێ حـاجی بـوو ئـەمنیش بەتـەنێ بـووم تەعەددای لێکردم ئەتوو لەو کابرای ، داکێ خۆی عەفوو کرد چۆوە کن کـوڕە پاشـاکان وەیگـۆتنێ بەڕاسـتی ئەگـەر لـۆ شـرعێ هاتینـە شرعی نگـۆ بـەمن نـاکرێ ئـەمن مەلامـە بـەرا نـەنگۆ وەلینـە ،ئەگـەر بەناوەکی دیش هاتینە کنەمن حەزێ کەن هـەتا دە سـاری دی لـەلام بن ئەمن خزمـەتکارم ئـەو پاشـایەی کیـژەك هـەبوو گۆتیـە خـورامی هەڕوو برێ باوی من ئەو شرعە ئەمن ئەتوانم بیکەم بەرا دەبـی هـەر ئێکیان لە هۆدەکێ بن نابی هێکـان ئاگـا لـە ئێگدی بـی ،هەرسـتان هەر ئێکـی دە هۆدەکیـان کـردن کچـەکە هەرسـتا خـۆی ڕازانـدۆوەو خوانچـەکی پـڕی تـەعام و خـواردن کـرد و چـووە کـن بـرا گـەورەی لەدەرکەی چۆوە ژۆرێ گۆتیە برا گەورەی ها ئـەو خواردنـەی بخـۆ ، پاشی نان خواردنێ ئامێزی لۆ کردۆوە گۆتی وەرە کنم ئەمن لۆ تـوو نەمایمە ، برا گـەورەی گـۆ ئـەتوو خوشـکی منـی ئـەو شـتانە لەمـە ناوەشـێتەوە ئەمـە ئەمـەکی مـارێ بـاوی تـوون کردیـە کـوو شـتی ئەوهەئەکەم ، کیژەکە چۆوە دەرێ عەینەن بـەو میسـالی چـووە کـن برای ناوەنجی ئەویش وەیگـۆتێ ئـەتوو خوشـکێ مـەی ئـەو شـتانە لەمە ناوەشێتەوە و ئەو شتانە ناکـەین ،لـەوێش هاتـە دەرێ چـووە کن برای گچکە هەردەرکەی کردەوە برا گچکەی ئـامێز لـۆ گرتـۆوەو گۆتی لەوەتی هاتیمە ئێرە ئەمن لۆتوو شێت بویمە ، کیژەکەش خـۆ هاویشتە ئـامێزێ بـرا گچـکەی کیژەکـەی کـردە ژن، سبەینە داهـات

گۆتیە پاشای كوڕی گچكە بارنجە و ئەوانی دی بابچنەوە تازە ئەمن نێ برا گچكەیمە برا گەورەو برای ناوەنجی چوونەوە مارێ برا گچكەش لەلای مارێ پاشای بەجێماو كیژێ پاشای مارەكرد، ئەمنیش هاتمۆوەو چم پێ نەبڕا.

احمد اسماعیل تەمەن ٧٥ساڵ

میراتگری پاشا

هەبوو نەبوو کابرایەك و ژنەك هـەبوون لـە فـەقیریانیان دەرۆزاکـرد ، رۆژەکێ لە گوندەکی ئەچوونە گوندەکی دی لە رێیێ ژنەکەی دەست بە ژلنان کرد مێردی گۆ تۆ چیە گۆتی وەڵلا منـدارمابی ، وەختـەکی کورەکیان بوو گەلـەك کـەیف خۆشـبوون ئـێ لـەو جێیـەی نەشـتەك هەیـە تێـی وەرپێچـی و بیشـاریتەوە لەسـەرمایێ نـە ئـاگرەك هەیـە ،وەختەکی کابرای ئاورەك داوە ئاگرەك دیار بوو گـۆتی ئـەوا ئەچمە دوو ئەو ئاگرەی داخوە هەندەك شتی نـاینم ، وەکـی چـوو پاشـایەك لەوێ بوو لە توجارییێ داتۆوە کابرای حارو مەسەلێ خۆ لـۆ گێـراوە ، پاشای گۆت بەسەرچاوان هەرستا دوو قات قوماش و فانیلەی دایـێ و ئاگریشـی دایـێ ،کـابرا گـەراوە ژنەکـە خـەنی بـوو جلکـی دەبـەر مەلۆتکـەی کـردن ، پاشـای وەزیـرەك هـەبوو لـەوێ قۆنـاغێ کـە قوماشی دا کابرای وەزیرەکەی خەونەك دیت سبەینێ گۆتیە پاشای ئەو مندارەی دوونێ شەوێ هاتنـەکنت لـۆ جلکـان ئەبیتـە میراتگـری توو ،پاشای گۆت کورە دەبرۆ هەی مـارت خـەرانـەهاتبی یـاخوە خـۆ ئەو مندارە نە ئەیناسم نە ئەمناسی کووە بیتە میراتگری من،وەزیری

گۆ ئەوجا ئـەمن مـردی ئـەتوو زینـدی ،گۆتی دەباشـە مـادام ببیتـە میراتگری من ئـەمن لێناگـەڕێم ئـەلعان بـڕۆن هـەڕوون ئـەو منـدارەی هەرکوەکی هەبی بیکڕن و بیهیننە ئێرە لێرەی بکوژن ،چوونە کن پیاوەکەو ژنەکەی گۆتیان پاشای ئەمە ناردینە ئەو مندارەو لێ بکڕین ژنەکەی دەست بە گریانێ کرد ، پیاوەکەی گۆت بـەرێوالله ئەیفرۆشم انشالله خـوا ئێکیـدین ئـەداتێ بـە چـەندیە دەی بـە چـەندی نـادەی گۆتی بە سەت لیرەی ، سەت لیرەیان دایێ و بردیانـە کـن پاشـای ، پاشای گۆت وەکی ئـەمن ڕۆیشـتم بیکـوژن و جلکێ بەخوینیشـم لـۆ بیـنن ،پاشـا بـەخۆ چـووە ئـەولای و خورامـانیش در نـەهات ئـەو مەلۆتکەی بکوژن ،هەرستان جلکیان لەبـەر کـردن و لـەبن دارەکیـان دانا بە ڕووتی ،چوون لەولای تەیرەکیان کوشت و جلکیان بـە خـوین کردن و لۆ پاشایان بردن ، پاشـاش گۆتـە وەزیـری خـەونێ تـوو درۆ بوو دەبا ببیتە میراتگرم،لەوێندەریان بـارکردو ڕۆیشـتن ، وەختـەکی پیرمێردو پیرەژن لەبەر عێدزیێ خـۆ بەوێنـدەردا تێپـەڕیوون گۆتیـە ژنێ جلکم لۆ کـوڕی خـۆ لێـرە هینـان ژنێشـی هـەر هـۆڕە هـۆڕ بـوو لەتاوێ کوڕی وەختـەکی بەسـەر مەلۆتکەی هـەربوون وەخـت بـوو لەخۆشیان شێت بن جلکیان دەبەر کردن و هەرستان لەترێ پاشـای لە گوندیان بارکرد و چوونە شارەکی لۆخۆیان دەرۆژاکرد ، مندارەکە گـەورەبوو، ڕۆژەکـێ پیرمێـردی وەگۆتـە ژنـێ گەلـەك لەمێـژە ئـەمن لەمەفتەنێ خۆ وەدوورکەتیمـە بابچینەوە ، وەڕێکـەتن هەرسێك لـە ڕێیـێ گەیشـتنە پاشـای ،خـورامێ پێشـانی دەگـەردا نـەمابوون

جەماعەتـەكی دیكـەی دەگـەردابوون گۆتیـە وەزیـری ئـەو كـوڕێهیٚ هەوبوو ئەوی ئـەمن كـرپم دیـارە نـەیان كوشـتیە، وەزیـری گـۆ خـوا ئەزانی داخوە ئەلعانیٚ چی لێهـاتبی هەونیـە ،گـۆتی بـەخوای هـەوە گۆتیە پیرەمێردی ئەو كوڕە ئی منە هـەق و مـاری تـووی پێـوە نیـە دەبـی وێشـم دەیـەوە ، پیرەمێـردیش گۆتـە كـوڕی ڕاسـتەكا كـوڕم وەختـی خـۆی ئـەمن ئـەتووم فرۆشـتبووە ئـەو پاشـایەی ئـەلعانیش دەبی دەگەری بچیەوە ، كوڕەكە دەگەر پاشای چوو پاشـای گـۆتیٚ كوڕم ئەمن ئەوا ئەچمە شامیٚ لۆ تیجـارەتییٚ ئـەوە هەسـپ سـواری بەو ئەو هەسپە ماریٚ مە پیٚ ئەزانی ئـەو كاغـەزەش بـدە كـوڕی مـن لەمارێیە ،كوڕەكە ناوی احمد بوو ، لە كاغەزی نوسـیبوو بـۆ كـوڕی خۆم هەردوو چاوەكانت ماچ دەكـەم ، وەختـی خـۆی خـەونیان بـەو كوڕەی وەدیتیـە ئەبیتـە میراتگری مـن ئـەمنیش ئـەو كـوڕەم كڕیـە تكایە هەروەختی گەیشتە جیٚ سەری ببڕە باوكت /پاشا

احمد سواری هەسـپی بـوو چـووەماریٚ پاشـای وەكـی چـوو هەسـپی لەناو حەدیقەی بەستۆوەو هەند ماندی ببوو هەر هاتـە خـواریٚ پـاری داوەو خەوی لێكەت كاغەزیشی دەبەر سەری نـابوو، پاشـای كیـژەك هەبوو خویندەواری هـەبوو هاتـە دەریٚ گۆتی باشـە ئـەوە هەسـپی باوی منە ئـەوە لـۆ لـەناو حەدیقـەیان بەسـتیتەوە تەماشـەی كـردیٚ كوڕە جاحێرەك لـەویٚ خـەوی لێكەتیـە ،كیـژیٚ پاشـای هـەر چـاوی وێكەت عاشقی بوو ،چووە سـەری كاغـەزەكی دەبـەر سـەری دابـوو

هینایە دەریٚ وەکی خویندیەوە کاغەزی دڕاندو چوو قەرەم و مۆریٚ باوی هینان،کاغەزەکی دیکەی نووسی ، بۆ کوڕی خۆم ئەوا ئەحمد هات تکایە هەر وەختەکی گەیشتە جیٚ خوشکێی لیٚ مارە بکە ، باوکت ... پاشا

کاغەزی دەبەر سەری ناوەو چۆوە ژۆریٚ ، وەختەکی برای لە بازاڕی هاتۆوە چۆوە ماریٚ احمدیش لەخەویٚ هەستا کوڕی پاشای گۆتیٚ ئەتوو کی ؟ کی نی؟ گۆتی ئەمن احمدم ئەوەش کاغەزی باوتە ،خویندیەوەو بانگی خورامانی کردو گۆتی هەڕوون مەلای بینن خوشکی لیٚ مارە کرد ،احمد بووە زاواو لەماریٚ پاشای هۆدەکیان لۆ ڕازاندۆوە ، چار سار پێچوون پاشا لە شامیٚ گەڕاوە کوڕی احمدی و کوڕو کیژیٚ پاشای وەدوو ڕاچوون ، لەولای شاری کوڕو کیژیٚ کوڕی پاشای گۆتیان ئەمە ئەویٚ توینە ئەوەش کوڕی کیژێیتت ، پاشای گۆ بە قورعان قسیٚ وەزیریە ئەو کوڕە ئەبیتە میراتگری من ، پاشا گەیشتەوە ماریٚ ، احمدی گۆ بابچمە بەخێر هاتنەوێی ژنێی گۆتیٚ مەچوو ،احمدی گۆ دەنا اتوو هەڕوو گۆتی ناچم هەتا دە ڕۆژی دیش نێیە کنە من ،پاشای فکر کردۆوە گۆتی ئەوشەو ئەحمەد ئەچیتە کن کیژیٚ من لەشەرمیٚ منیش لە ماریٚ خۆ ناشوا سبەینیٚ ئەچیتە حەمامیٚ لۆ خۆ شوشتنیٚ ، خەبەری لۆ حەمامچی نارد هەرکەسەکی سبەینیٚ زوو هاتە حەمامیٚ یەکسەر سەری ببڕە ،وەڕێککەت شەویٚ کوڕی حەقیقی خۆی چووە کن ژنیٚ شەرمیشی

كرد لەبەر باوى چونكە تازە لەسەفەرێ هاتبۆوە شەرمى كرد لەمارێ خۆ بشوا دەگەر بەيانى چووە حـەمامێ دەركـێ حـەمامێى كـردەوە حەمامچى شيرەكى لێداو كوشتى ،خەبەر لۆ پاشـاى چـۆوە گۆتيـان كـوڕت لـە حـەمامێ كوژرايـە ،بـانگى حەمامچـى كـردو گـۆتى كـورە قەحپە بابى سەگ باب لۆچت كـوڕى مـن كوشـت ؟ حەمامچـى گـۆت پاشا ئەدى ئـەتوو بـەخۆت خەبـەر نـەناردبوو هەرچـى هـات بيكـوژە ،پاشاى هەند خەفەت لە احمدى خواردن لە خەفەتان مرد ،احمـد لـە جێـى وى دانيشـت و بـووە ميراتگـرى ،داك و بـاوێ خۆشـى هينانـە كنەخۆو گەلەكيان بەخۆشى ڕابارد.

احمد اسماعيل

پووش فرۆش

هەبوو نەبوو، کابرایەك هەبوو، لۆخۆی پووشەفرۆشت، سبەینان وەکی نانیە خوارد، ەئەچووە چیاو دەشتان، پشتیە پووشەکی دیناو لەبازاڕیە فرۆشت و بەسێ نانیە دان، ئێك لۆخۆ ئێك لۆ داکێ و ئێکیش لۆ ژنێی.

ژنی هەندە تەمبەرو تەوەزەل بوو، تاقەتی نەبوو لەو بەری تەندووریێ بچیتە ئەو بەری تەندووریێ،گۆتیان رۆژەکێی غیرەت وەبەرەخۆدا، لەو بەری تەندووریێ چووە ئەوبەری تەندووریێ، گۆتیان وەیەگۆ(بەشەر تەیری بێبارە).هەرچی ئیشە ئەوێ ژنێ ناکردن، پیرە داکەکە غەریبۆکەی هەبوو، ئەوێ نان عازرەکرد،ژنێش دەست دەچۆکان وەردینا،پووش فرۆش ژیانی دەعەزاب دابوو، کەس نەبوو بناوانی بی.لۆیێ دەژیانەکی کۆرە مەرگیدا ئەژیان.

مارێ پاشای ئەو شارەش ماریان لەتەنیشت مارێ پووش فرۆشی بوو،پاشای کیژەکە زۆر جوان و پێش چاو و زیرەك هەبوو،زۆرە بە دیقەت بوو.رۆژەکێ چووە کن پاشای،گۆتیە باوی خۆ: پاشام خۆشبی، ئەتوو فکرێ خۆت دایتە ژیانی ئەو پووش فرۆشەی؟بزانە

هـەموو ڕۆژێ ئـەو پیـاوە بەسـتەزمانە، ئەچـیتە دەشـت و دەران، بەپشتێ خۆ پشتیە پووشـەكێ دینـی و بـە سێنان ئەفرۆشـی ،ئـەو پیاوە كاسبە كەسەكی وەی نیـە بنـەوانی بـی، ئەگـەر ژنەكـە باشـی هەبایە،ئـەو پیـاوە دەسـتی زێـڕە، بـەرا چ بنـەوانی نینـە.ئـەوان بـە پشـتیە پووشـانەژن، ئەمـەش هـەر ئـەژین، بەراسـتی زەلامـەكی ڕەشیدە، ئەگەر بێت ژنەكە مارداریكەری لەمارێ یـی و سـەڕاافەتیێ ئەوێ مارێ بكات ،ئەوا ژیانیە گۆڕێ،ئەو پـووش فرۆشـە هـەر ئیوهـە نـابی و ئەبیتــە پیـاوەكی گەورە،چـونكە لەمێـژە گۆتیتیـان (كـار هەردەبن سەواندا نابن).مادام ئەو پیاوە بتوانی بەزەبرێ مـلان نـانی پەیدا بكات،ئەوا دیارە پیاوەكی ڕەشیدە.

پاشای گۆت: كیژم وەنیە

ئەگـەر پیـاو پیـاو بی،شـەرتی ژن نیـە،وەكی پیـاو چـی لەدەسـت نێ،ژن باهەر لەمارێ بی سەڕافەتیێی بكات،چ فایدەی هەیە؟

كیژێ گۆت:گەورەم ئەتوو ئەمن بنێرە كن ئەو پووش فرۆشەی،ئەگەر نەمكردە مارو خانـەدان و خـانیم لەقەسـرێ تـوو برنـدتر نەكرد،ئـەوا لەوە سیەت و مارو میراتی بارنجم كە، یان لەسەرم دە،ئەگـەر وەكـی گۆتیشم وەم كرد، هەرچی گۆتم دەبی لۆم جێبـەجێ بكـەی، پاشـای گۆت باشـە ئـەمن لەسـەر وەعـدێ خۆمـەو هەرئیسـتەرەم هـەڕوەكن پووش فرۆشی یزانم چت لەدەست دێ.لەسەر بانی قەسرێ ڕێك كەتن

و خانمیٚ مارە باو بەجیٚ هێشت وقالبە زێڕەکی دەگەخۆ بردو خۆی خزاندە ماریٚ پووش فرۆشی.

هێواریٚ پووش فرۆش چۆ ماریٚ، دیتی کیژەکە جوان و رێك و پێك ئا لەماریٚ وانە، ئەویش بەخێرهاتنەکە گەرمی لێکرد و وەیگۆتیٚ خوشکیٚ ئۆ چەکەی لەماریٚ مە؟کووە هاتیە ئێرە؟چیشەکت هێیە؟.خانمێش وەگۆ:ناوەللاٚ برا ئەمن بەناوی خوشك و برایەتییٚ هاتیمە ماریٚ نگۆ،ئەمویٚ ماوەکی لەمارێنگۆ بم،ئەگەر قبوورکەی،ئەویش گۆ: لۆ قبووری ناکەم، مێوان عەزیزیٚ خوابە، ئەتوو خوشك، ئەمنیش برا، وەرێك کەتن.

ماوەکی مانەوە،رۆژەکیٚ خانمیٚ وەگۆ: برا خۆ ناکریٚ هەتا هەتاییٚ ئەتوو هەر پووش فرۆش بی،هابگرە ئەو قالبە زێڕەی هەڕوە بازاڕی ئیشەکی پێبکە،ژیانی خۆ بگۆڕە، پێم خۆش نیە،هەر خەریکی پووش فرۆشتنیٚ ببی،پووش فرۆش هەرستا قالبە زێڕی دەستکردیٚ و چووە بازاڕی.

لەناو بازاڕی زەینیٚ خۆی دایٚ دیتی کابرایەکی هاوارەکرد،ئەیگۆ:کی بی هەندەك پارەم بداتیٚ،هەتا لەوەختی تەنگاییێ بەهاناوەبێم؟

پووش فرۆش قالبە زێڕی دایٚ و هاتۆ ماریٚ،خانمیٚ لێپرسی:ئەدی کا خواردنەك؟ئەشتەکت لۆ لۆماریٚ نەینایە؟ئەویش گۆ: کابراایەکی لەبازاڕی هاوارەکرد ئەیگۆ:کی بی هەندەك پارەم بداتیٚ هەتا

لـــەوەختی تـــەنگاوییێ بـــەهاناوە بێم؟ئـــەمیش قالبـــە زێڕەكـــە داوی.خانمێ گۆ چاك چاكت كرد.

سبەینێ بەو میسالی هەرستا چۆ بازاڕی هەتا ئیشـەكی پەیدا بكـات، كاروانەكی تاجیرەكی زەنگین بەوێدا هـات، گۆتیانـە پـووش فرۆشـی لۆنـــاییێ دەگەرەمـــە بێـــی فێـــرە كاروانچـــیەتی و تیجاڕەتییێـــت بكەین؟گۆتی ما لۆ نابێم،بەس راوەستن با بەمارپش برێم،چۆ مارێ و وەیگۆتە مارێ ئەمن دەگەر ئەو تاجیرەی ئەچمە كاروانی،خانمێ گۆ هەرو بەس ئاگات لەخۆ بـی فێـرت لێنـەكرێن.چـوو سەرەكیشـی لـەو كابرایەی دائەوی قالبە زێڕی دابوێ، كابرای وەگۆ: ئەگـەر دنیـا بـوو لێیان پرسی (چ لەدنیایێ لەهەموو شتی خۆشترە) برێ (دوو در ئێـك بن).

پووش فرۆشی خوا حافیزی كردو وەگەر قافرێ كاروان كەران كەت و رۆیشتن،هەر رۆیشـتن وەختـەكی گەیشـتنە سـەحرایەكی ،ئاویشـیان وێنەبوو،تێنی بوون، وراغانیش حەرەكە لێبڕا لـەتێنان،بانگی پـووش فرۆشیان كردو گۆتیان دەبـی بچیە نـاو بـیرێ ئـاوێن لـۆ هەركێشـی، دۆلكەیان لێقەیم كردن و شۆڕیان كردۆ ناو بیرێ، هـەتا هـەموو تێـراو بوون و وراغاتیش تێر ئاو خواردۆ،ئێجا پەتكیان بەرداو هەریان دا ناو بیرێ،هەرچـەندی هـاواری كرد،بێفایـدەبوو، وەختـەكی لـەناو بـیرێ دەركەكی لێبوو، ئەویش لەدەركێ دا، كابرایەك و ژنەك هاتنە دەرێ، گۆتیـان ئـۆ چـەكەی لێـرە؟ ئـەویش حـارو مەسـەلێ خـۆ لـۆ گێڕانـۆ،

پووش فرۆشی گۆ ئەدی ئەنگۆ لێرە چەکەن؟گۆتیان ئەمە هەر لە ئیجادەوە لێرەینەو ئەگەر بتویٚ بچیۆ سەر دنیایێ، ئەها تەماشەکە ئەویٚ قەسریٚ بینی هەمووبەسەرکیٚ بەشەرانا دروست کرایە،جێی ئێك سەرکی مایە،لەوانەیە جێی سەرکی توو بی،ئێك پرسیارن هێیە ئەگەر زانیت ئەوا بەماری دنیایێت خەنیەکەین،ئەگەر نەشت زانی هاها ئەبینی جێی ئێك سەرکیا مایە.

پووش فرۆشی گۆت:منەتو نەبی پرسیاریٚ خۆ بکەن.

گۆتیان: لەدنیایێ چ شتەك لەهەموو شتەکی خۆشترە.؟

پووش فرۆشیش گۆ: دوو در ئێك بن لەهەموو شتەکی خۆشترە.

گۆتیان تەواوە، جوابەکی پرپە پیستیەو چەند سارە ئەمە لێرە ئەوە ئیشیتن، ها بگرە ئەو سیٚ هەنارانە بگرەو ئاگات لێبن،ئەو هەنارانە (دورپو گەوهەرن) قیمەتیان زۆرە، پوش فرۆشی گۆت ئەدی کو بچمۆ سە دنیایێ ؟ گۆتیان کاروان چی زۆر دێنەسەر بیریٚ، هەر قافرەك هات خۆ بە دەولکەی وەکەو بەری مەدە هەتا ئەچیۆ سەریٚ، ئەوان لەو قسانەدابوون کاروانەك هاتنە سەر بیریٚ و دەولکیان شۆرکردۆو پووش فرۆشی خۆپێوەکرد، هەریان کێشا هەرکووەکی هەبوو چۆوە سەریٚ، کاروان چیان گۆ ئەتوو چی؟گۆتی کاکە وەڵلا ئەمنیش وەکی نگۆ بەشەرم،وەسەر دنیایێ کەتۆو، گۆتیە کاروان چیان کێواچن ؟دیار بوو ئەگەڕانۆ وراتی پووش فرۆشی،گۆتی خێروەگاتیٚ ئەو ئەمانەتەو وێدەم لۆم بگەینۆ ماریٚ، گۆتیان باشە بیهینە، هەرستا

دوو هەناری دەناو پەڕۆکەکی ناو ناردیۆ، بەخۆش چووە ناو شارەکی ،گۆتی دەبا بزانم داخوە ئەو هەنارە چیە دایتیانە من، شکاندی تەماشەی کردیێ، چ دنکە هەناری تێدا نینە، هەمووی پارچە پارچەبوون، هەمووی فڕەدان، ئێك دوو دنکی وێمابوون، بەپێش زێرینگرەکیدا تێپەڕی، زێرینگری بانگ کردیێ:کوڕە کاکە ئەو دوڕڕو گەوهەرانە لۆ فڕادەی؟پووش فرۆشی وەگۆلۆ مائەوانە دوڕڕو گەوهەرن؟ گۆتی ئەدی، گۆتی چەندیە کەن؟زێرینگری گۆ: ئێك قافرە لە زێڕو زیوی لۆت بارەکەم.

پووش فرۆش بە قافرەکی زێڕو زیوی گەڕاوە جێی خۆی، چۆماریێ خۆ ،وەکی چوو ژنێی دەست دەچۆکان وەرینایەو لەدەورەی تەندووریێ، هەلە جێی خۆیە،

کیژی پاشای ئاگا لێبوو،وەدووی راچوو، گۆتی وەرە ئێرە ماریێ تووە،

قەسرەکی دروست کردبوو، هەر لگبنەك لە زێڕی ئێك لە زیوی، دوو هەندی قەسریێ پاشای، قاتەك و کراسەك و پێراوەکی نوێی لۆ کڕیبوو، هەستا جلکی پێکۆڕین و بانگی رایێشت لەدوو ئەهلی شاری ناردو مەلاو ردێن سپی هەموو بانگکردن، پاشاش دەعوەت کرا، خواردنیان رێزکرد، قاپ هەموویان لە زێڕی بوون، لەوەختی نانخواردنێ پاشای قاپەك بەدزی هەردا باغەریێ.

گیژێ بانگ کردێ گۆتی: پاشام ، گەورەم، ئۆباو، عەیبە قاپان مەدزە ، دوایێت زۆرانەدەمێ.

پاشای گۆ: مەلا ناوێ خوای لێبینە تازە ئەوێ کیژێ کەلکێ چ مارێ من نەمایە،هەستە لێی مارەکە،

ئیدی جاڕ درا،کیژێ پاشایان لە پووش فرۆشی مارەکردو چوون ژنێ قەدیمیشیان دەگەر داکێ هینانە قەسرێ، بەخۆشی ژین.

ئەمنی ش بەس ماندیەتی لۆ ماوەو هیچیان نەدامێ.

ئەو حەکایەتە بەڕێز خار محمدی مەلا رەسوری توتمێ لۆ گێڕامۆ/لەژیاندایەو تەمەنی ٧٥ ساڵە.نەخوێندەوارە.

سێ کۆسە

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو کەس لە پێغەمبەری ڕاستگۆتر نەبوو کەس لە عەبدی درۆزن ترو ڕوو ڕەش تر نەبوو ، ئەیانگۆ سێ کۆسە هەبوون،کۆسەش ئە بەد عەمەلن و سرپاتێ ئێکدیە زانن،دوو کۆسە لە گوندەکی بوون ئەوی دیش بەتەنێ لە گوندەکی دی بوو ،ئی بەتەنێ بوو مەڕەکە قەرەوی هەبوو لەناو مێگەلە مەڕێدا دیاربوو ، هێوارەکی دوو کۆسە ئەگەڕانۆ گوندی دیتیان مەڕەکی زۆر قەرەو دەناو مێگەلە مەڕێدا دیارە و لەشوانیان پرسی ئۆ ئەو مەڕە ئی کێیە ،شوانیش گۆ ئێ کۆسەیە ،کۆسەکان دەستەکیان لە پشتێ مەڕەکەی داو گۆتیان بەخوای گۆشتی تێدایە ،هێوارە داهات مەڕ چۆوە گوندی ،کۆسەی بەتەنێ تەماشەی مەڕێی کرد زانی دەستی لێدرایە ،گۆتیە شوانی ئۆ کێ دەست لە پشتێ مەڕی من دایە،شوانیش گۆت هەردوو کۆسێ برادەرت ،کۆسەی گۆتە ژنێ تازە ئەمە زەحمەتە خێرێ لەو مەڕەی ببینین ،وە چاکە بەو شەوەی مەڕی بکوژینۆ ،هەر بەوە شەوەی مەڕیان کوشتۆوە هوردیان کردو گۆشتیان دەناو پیستی ناو بەهەوایان وەکرد و وەبن

سـەراپیتانیان وەکـرد و لێ نوستن،شـەو ڕاشـکاو هـەردوو کۆسـە گەیشتنە پێش ماریێ کۆسەی بەتەنێ ،تەماشەیان کرد کۆسە بەخۆو بەژنێ ئا لێکەتیتە خەوێ ، ئێکەك لە کۆسەکان چوو لەبەینی کۆسەو ژنێی درێژ بوو نەقورچکەکی لە ژنـێ کۆسـەی داو گـۆتی گۆشـتت لـە جێیـەکی چـاك دانـابی نەکـە کۆسـە بـێن بـدزن ، ژنەکـەش ئەچـاو بەخەوبوو گۆتی ئـەدی ئـەتوو بـەخۆت بـەبن سـەراپیتان وەنـەکرد ؟ کۆسەش گـۆتێ باشـە بـاش هـەردوو کۆسـان گۆشـت دیتـۆو بردیـان ،سـەروەختەکی ژنەکـە وەخەبـەر هـات گـۆتی باشـە ئـەدی هێـوارێ مێـردی مـن بـەخۆ گۆشـت بەهـەوای وەنـەکرد لـۆ ئـەو پرسـیارەی لێکردم؟ بانگی مێردی کرد گۆتی باشە ئـەدی ئـەتوو هێـوارێ بـەخۆ گۆشـت بەهـەوای وەنـەکرد ؟ لۆچـت ئـەمن لەخـەوێ هەسـتاندم؟ کۆسەی گۆ کچێ وەڵلا ئـەمن نەبویمـە ، تەماشـەیان کـردێ گۆشـت نەمایـەو بردیتیان،کۆسـەی خـۆ قـەیم کـردۆو وەدوویـان ڕاچـوو، لەبەرئـەوەی گۆشـتەکە زۆربـوو ،ئێکـەك لـە کۆسـەکان گۆشـتی هەرەگرت و ئەویدیش لە پێشی دا ماوەکی ئەڕۆیشـت و لـە جێیـەکی چاوەڕێیەکرد، کۆسەی بەتەنێ چوو لەبەینی هـەردووکان لێ دانیشـت و وەختـەکی ئێـك لـە کۆسـەکان (قنـەقنی) گرتبـۆوە لەماندیـەتیان، کۆسـەی بەتـەنێ گـۆتی کـا بینـە وەمنـی دە ئیوهـەت هەناسـە لێ هەرمایە، سەروەختەکی هـەردوو کۆسـە گەیشـتنۆ کـن ئێکـدی بـەبێ گۆشتی ، ئەوی گۆ کا گۆشت ئەوی دی واگۆ کاگۆشت؟ پێی ئـەوەی کۆسەی بەتەنێ بگاتۆ ماریێ ئێکەك لە کۆسەکان جلکێ ژنانی دەبـەر

كردن و لە پێش مارێ كۆسەى بەتەنێ دانیشت ، كۆسە گەیشتەوە وێندەرێ و گۆتى ئۆ لۆ بەو شەوەى لێرە دانیشتى ژنێ؟ ئەویش گۆ هەتا ئەتوو بەدو گۆشتى داچووى چێرو گۆلك و كەر بەرەڵلا بوون و چوونە ناو باخچان، كۆسەى گۆ كا بگرە گۆشتى هەتا بەدوو چێرو گۆلكان دا بچم،كۆسەى گۆشت بردو رۆیشت، كۆسەى بەتەنێش هەموو باخچە لێكدانۆ چ چێرو گۆلك و كەرى لەناو باخچان دا نەدیتن ،هاتۆ مارێ تەماشەى كردێ چێرو گۆلك و كەر هەرا لەمارێنەو ژنیشى لە پرخەى خەوێ دایە یەك دوو پێلەقەى لە ژنێ دان و پرچى راكێشا گۆتیە ژنێ بەشەوەت ئەمن وەناو باخچان هێخستم ،چێرو گۆلك و كەریش هەرا لەمارێنە،ژنەكەى دایە سوندو قورعانان وەڵلا ئاگام لەو سەین و بەینەى نەبووە، ناعیلاج بوو كۆسەى بەتەنێ وەدوو گۆشتى دا وەرێ كەتۆ ، وەكى چوو ئەوان گەیشتبونۆ گوندى خۆ ، ئێكەكى گۆشت لەپێشە خۆ دانابوو لەپێش مزگەفتێ ، ئەویدیش چووبو تەرازوێ بینى هەتا گۆشتى پێ وەبەشنۆ ،كۆسەى بەتەنێ چووە كن ئى لەكن گۆشتیەو گۆتى وەڵلاهى پسسام تەرازووم پێ پەیا نەبوو، كۆسەى گۆت وەرە دانیشە تابچم تەرازوێ پەیا بكەم ، كۆسەى بەتەنێ گۆشتى بردۆوەو ئەوانى دیش وەختەكى هەردووك گەیشتنۆ پێش مزگەفتێ و هەردووكانیش تەرازوو وێبوو، ئەدى كا گۆشت ؟ ئەدى كا گۆشت؟ هەردووك چوونەوە پێش مارێ كۆسەى بەتەنێ تەماشەیان كرد ەبەخۆو بەژنێ گۆشتیان لە

پێشەخۆ دانایە و بانگی هەردوو کوسانیان کرد گوتیان بەبێنگون پێناخوریێ وەرنەژوریێ ، ئیدی پێکەوە گوشتەکەیان خوارد.

حەسەنە شوڕە

هەبوو نەبوو کابرایەك هەبوو ناوی حەسەن بوو هەندی ترسەنۆك بوو کوێشکە بە عاسمانێ دا فڕیبایە ئەوی خۆ بە عاردی دادا لۆیێ وەیانە گۆتێ حەسەنە شوڕە، ڕۆژەکێ دەگەر خورامەکی ماریێ پاشای بەدمەقار هاتن و چینەکی چاکی وێکەت ،

لۆیێ گۆتیە ژنێ حورمێ تازە ئەمن لێرە حاوانەوەم نەما دەبی لۆخۆ سەری خۆ هەرگرم و بچمە لایەکی دی وەڕێکەت چووە شارەکی دی و چووە ماریێ پاشای حەڕەسان تێوەڕاخوڕی و گۆتیان کێوا چی ؟ گۆتی ئەمن دەگەر ماریێ پاشای وراتێ خۆم لێ قەومایە کوشتارەکی زۆرم لێکردینە ،خەبەریان دا پاشای حار لەوەی حیساب لەوەی ،پاشاش لەبەر ئەوەی عەداوەتی دەگەر پاشای ئەو وراتەی حەسەنە شورەی هەبوو لۆیێ زۆری بەخێرهیناو گۆتی لەلای من بمینێوە ،حەسەنە شوڕەش بەحسی ئازایەتیێ خۆ لۆ پاشای ئەکرد، لەو وەختی دا پاشای بانگی خورامان کردو خانیەکی باشیان لۆ حازر کردو چوونە دوو ماریێ حەسەنە شوڕەی ، ماریان لۆ هیناو ماری دامەزراندو هەموو ڕۆژێ ئەچووە دیوەخانێ پاشای، ڕۆژەکێ

لەتەنیشت کۆشکێ دەگەر پاشای دانیشت بوون، خورامەکی پاشای بەهانە هان هاتە کۆشکێ و گۆتیە پاشای ، پاشام خۆشبی خەبەرەکە نەخۆشم وێیە ، پاشای گۆت چ خەبەرە؟ خورامی وەگۆ پاشام خۆش بی دەعبایەك پەیدابووە لەو دەشتەی هەرچی بیگاتێ ئەیکوژی ، پاشا تەماشەکی حەسەنە شورەی کردو گۆتی مادام حەسەناغەن هەبی دەعبا چیە، حەسەنیش هەرستا بەغاردان چۆوە ماڕێ گۆتیە ژنێ ئێجا چم لێکەی؟ ئەرێن دەعبایەك پەیدابووە کەسی نێشتیە، پاشاش ئەرێ مادام حەسەناغەن هەبی دەعبا چیە، ژنێش زۆر در داوەو گۆتی ئێجا چیە؟ئەتووش سبەینێ دەگەر عالەمێ هەڕوو ئەوان چکرد ئەتووش وەبکە،

ئیدی سبەینە داهات عالەم وەڕێکەتن ، هەسپەکیان لۆ حەسەنە شورەی هیناو سواربوو گەیشتنە دەشتێ و دەعبایان دیتۆ ، تەماشەیان کردێ دەعبایەکی گەورە سەری لەدوو خەرکی ناو کەتە دوو هەسپێ حەسەنە شورەی ،هەر لێرە هەر لەوێ حەسەن لەهەسپی کەتە خوارێ و دەعبایا لەدووە ،حەسەنیش لەترسان وەسەر ئەسپیندارەکێ هەربەزی و دەعباش سودفە لەبن دار ئەسپینداری کەت ،حەسەنیش هەر لەرزی و لەرزی لەترسان کەتە خوارێ و کەتە سەر پشتێ دەعبای و لەترسێ خۆ هەردوو گوێیێ دەعبای گرتن، لەشکری پاشای هەموو عەجایب مان و ئەیانگۆ تەماشەکەن حەسەناغەی کوو دەعبا بەگوێیان گرتیە ،دەعباش

هەندی لەولای لۆ ئەولای غاردا وەختەکی کەت ، ئیدی گەیشتنە سەری و بە ڕم و شیرانیان دەعبا کوشت و حەسەناغەیان سواری هەسپی کردۆوەو بردیانۆ کۆشکێ،پاشای نیوچەوان ماچ کرد و گۆتی بەڕاستی مەردو ئازای ،خزمەتەکی باشی حەسەنیان کردو پاشای ئەمر کرد گۆتی دەبی ئەو دەعبایەی دە کاییدا هەرباخنن، بیکەنە هەیکەلەك و لەپێش کۆشکێی دابنێن ، حەسەناغەش وەکو نانا پاشا هەرچەندە بەخۆما گرتیەو کوشتیتم بەرا کەیفم بە جەهری نایێ ، مەزانە هێشتاش لێیە ترسا،

چەند ڕۆژان حەسەناغە دەنازو نیعمەتان دابوو ،هەر ڕۆژێ ناوبانگی زیاتر براو ئەبۆوە کە دەعبایەکی بە گوێیان گرتیە ، ڕۆژەکێ لە پێش قەسرێ دەگەر پاشای دانیشت بوو لەناکاو ڕا خورامەکی پاشای بەهەناسە برکێ هات و گۆتی پاشام خۆش بی دەعبایەکی دی پەیدابووە عالەمی نێشت،هەرچی بیگاتێ ئەیخوا، پاشاش تەماشەکی حەساناغەی کردو گۆتی ئەجا چیە ئەلعان حەسەناغە ئەچی سواری سەر ملیەبی و بە گوێیانیە گری ، حەسەنی ڕەنگ تێکچوو ، بە غاردان چۆوە مارێ گۆتیە ژنێ بن کانتۆرێم لۆ قۆرکە ،جارێ دی دەعبا هاتە بن سپینداری و ئەمن کەتمە سەری و ئەمنیش لەترسێ خۆ گوێگرتن و کوشتیان ، بەرا ئەوێ جارێ چ بکەم ؟

ژنیٚ وەگۆتیٚ حەسەن ترسی ناویٚ ،ئەتووش وەکی عالەمیٚ هەروو خۆشەرت نیە ئەتوو بیکوژی ، ئیدی لەخەمانی لەبن کانتۆریٚ خەو لێکەت،شەو داهات وەختەکی ژنیٚ حەسەنی چووە پێش دەرکیٚ ، تەماشەی کردیٚ دەعبا ئەوە لە پێش ماریٚ وانە، هەرزوو تیروکەوانی حەسەنی هینان و تیرەکی گرتیٚ و دەعبا بەریۆوەو تۆپی ،ژنەکە هەستا چوو پشتێنیٚ حەسەنی هیناو دەملی دەعبای کردو لە پێش دەرکێی بەستۆوە ،سبەینیٚ پاشای خورامەك ناردە کن ماریٚ حەسەناغەی لۆ هەندیٚ کە بچن بەدوو دە عبای دا ،خورامی تەماشەکردیٚ ئەوا دەعبایا کوژرایەو بەسترایتۆوە لە پێش ماریٚ حەسەناغەی ، خورام بە غاردان گەڕاوە قەسریٚ ،وەیگۆتە پاشای حار لەوەی حیساب لەوەی ، پاشا بەخۆ چوو تەماشەی کردیٚ زۆری پیٚ عەجایب بوو ، لەولاش ژنیٚ بانگ کردە حەسەنی و وەیگۆتیٚ هەستە شەوێدی دەعباما کوشتیە و لە پێش دەرکێما بەستیتەوە ، ئیدی بووە شایی و گۆڤەند حەفت شەوو حەفت ڕۆژان داوەت بوو ، حەسەناغەش زیاتر گەورەبوو لەکن پاشای ،

ڕۆژەکیٚ هەر وەکی جاران لەپێش قەسریٚ دانیشتبوون دەگەر پاشای ،کابرایەك هات و کاغەزەکی دا دەستی پاشای ، کاغەزەکە ئی پاشایەکی گەورەتر بوو ، تێیدا نوسرابوو خەرجیٚ حەفت سارانت لەسەرە دەبی زوو بدەی ،پاشای ڕاست جواب گۆتیە کابرای با پاشات گووی بخوا مادام حەسەناغەم هەبی ،چ باکم بەشەڕیە،

حەسەناغەی غاردداوە ماریێ و گۆتیە ژنێ زیاترم بن کانتۆرێ لۆ قۆرکە جارێ ئێکەم دەعبا هاتە بن ئەسپینداریێ و ئەمنیش کەتمە سەری ، جارێ دووەم ئەتوو کوشتت ،بەرا ئەوێ جارێ چ بکەم ؟ ئەوە شەڕە چەندی ژنێ در داوە بەرا فایدەی نەبوو،حەسەنی بەستەزمان لەبن کانتۆرێ حەیات لێبڕاو مرد.

ئەو حەکایەتە کاك جبار حمد قادر خەڵکی هیران بۆی گێڕامەوە /تەمەن (٥٥) ساڵ / خوێندەوار

سەرکە مەڕ

هەبوو نەبوو،جۆتیارەك هەبوو،ماوەك بوو وەكی ئەگەیشتە سەر جۆتی،پێشی دەست بە جۆتی بكا،دەنگەك دەهات ئەیگۆت مام جۆتیار وەرە لۆخۆم ببۆوە،رۆژەك نەبوو ،دوو نەبوو، فكری كردۆ گۆتی دەبابچم بزانم ئەو دەنگە چیە؟

وەكوو چووە ناو ئەشكەفتێ، لێڕاما سەركە مەڕەك لەوێ كەتبوو،چاوی گێڕان كەس دیار نەبوو،دەنگ لەناو سەركە مەڕی دەهات،هەری گرت و هاویشتیە ناو توورەكەی و رۆیشت چۆوە ماڕێ،وەكی شەو داهات تەماشەی كردێ ،كوڕەجحێرەكی جوانی كوڕەپاشایانی هاتەدەرێ،هەبكەی هەنەخۆی بەس تەماشەی بكەی.لەتەماشەكردنێی تێرنابووی،كوڕەكەی گۆتە جۆتیاری :

ئۆباو،لەوڕۆ بەولاوە ئەتوو باو و ئەمنیش كوڕ،جۆتیاری گۆت ،دەباشە، لەوەی باشتر،هەلەوێ گۆڕێ كوڕەكت لۆ پەیدابی.ئۆ نیعمەتێ خوایە،بێماندی بوو نو بێ مشەقەت.ماوەكی ئەوهەیان رابارد،وەكی ئێكەك دەهاتە ماڕێ گاوانی ،ئەچۆناو سەركەمەڕی و وەكی دیش لەدەرێ بوو.

ڕۆژەكـیٚ لـە هیكـرا كوڕچـۆپێش بـاوی و گـۆتی باوۆ،جۆتیـاری گۆ:هاكوڕم چتە وێ؟گۆتی ئۆباو هەركووەكی بی دەبی كیژێ پاشـام لۆ بخوازی. جۆتیاری چەندی گۆتی داخوازیێ كیژێ پاشای لەقەوامێ مندا نیە،بێفایدەبوو،گۆتی هەردەبی لۆم بخوازی.

جۆتیاری بەستەزمان و بابان كۆر بەناعیلاجی هەستا چۆ پێش مارێ پاشـــای ،بەغـــەریبی خـــۆی بـــە دەركـــێ عەوشـــێ دەرێ هەرپەسـارد.پاشـای چـاو لێبوو،بـانگی خورامـانی كـرد، گـۆتی چـیە دەرێی نان و نەدایتە جۆتیاری؟خورامان گۆ:پاشان خۆشبی سبەینێ زوون نانا دایتێ.

جۆتیاری گۆ وەڵڵاهی پاشا مادام هـەركوڕم بكـوژی ،ئـەتووم بكـوژە باشـترە،كوڕەكما هێیـە ئـەرێ ئـیللاو بـیللا دەبـی كیـژێ پاشـام لـۆ بخوازی،پاشـای گـۆت خورامینـە بـڕۆن ئـەو قەحپەبابـەی وەدوور بێخنۆو لەسەری دەن.

وەزیـری دەستەراسـت گـۆتی پاشـا لەسـەری مـەدە، بەهانەكـە وەی وەبـەر هەرەكـەین ، ئەگـەر جێبـەجێی كرد،ئـۆ ئـەی دەینـێ، ئەگـەر پێشی نەكرا هەنگینێی لەسەریەدەین.پاشا ڕازی بوو و گۆتی باشە.

بەهانەكــەش ئەوەبوو،پاشـــای وەگۆت:هەرلـــە مارێمـــە هـــەتا مارێنگۆ،خانیـەك بكـرێ، هـەر لگبنـەك، ئێـك لـەزیوی، ئێـك لـە زێڕی،هەرلـەمارێ مـە هـەتا مارێنگۆ،دۆشـەك رابێخسـترێن،هەموو

دۆشەکان هەوری پێدا درابن،کەرەبابەکی زێڕی لەسەر بی،هەبانگا بدات،

جۆتیار بە عێدزی چۆ ماریێ، هەرلەسەری خۆیەدا،گۆتی کوڕم تووشی ڕۆژە رەشیێ خۆ بووم، ئەو ئیشە کوو بەمنەکریێ؟پاشای ئەوهەگۆتیە، کوڕی گۆ : ئۆباو خەمان هەرمەکرە ، بمبە سەر رووباری، جۆتیاریش هەستا بردیە سەر رووباری.گوستیلەی هاویشتە رووباری ، چەند پەری هەنە وەسەر دنیاییێ گەڕان،گۆتیان ها چتەوێ ئەحمەد؟گۆتی ئەمویێ ئەو شتانەم هەتا سبەینیێ، هەرکووەکی هەبی دەبی جێبەجیێ بکەن،

تاسبەینە داهات خانیان برند کردو ئەوی گۆتبووی، هەمووی بەزیادەوە جێبەجیێ کران.

مەلای پاشای برند بوو تاسبەینە داهات، سێجاری بانگ دا، پاشای گۆتە مەلای :مامۆستا ئۆ چیە ئۆ سیێ جار بانگی بدەی؟خۆهێشتا نوێژ نەبووە.مەلای گۆت:ماریێ تووم کۆر بیتۆ،ما توو وەکردیە،بزانە جۆتیاری چ بیناو خانی لۆ کردی.؟

پاشای وەکی تەماشەی ئەو بەرو خانیانە کردن، تەحەیر ما، گۆتی ئەوجا بڕۆن برێنە جۆتیاری و کوڕی بابێن ، هەتا کیژێی بدەمی،هەر عەینی وەخت کیژیێ پاشایان لە کوڕی جۆتیاری مارەکردو هەر یەکسەریش لۆیان گواستۆ.وەکی شەو داهات سەرکە مەڕیان لەسەر

خوانچەکی لەپێش بووکێ دانا، پەشتە مارەکیان بەسەر دادا،بووکێ وەکی تەماشەکردێ وگۆتی : ئۆ چیە سەرو پێچکام پێچاکەکەن؟.

لەهیکڕا کوڕە جوانەکی لێهاتە دەرێ، هەنەکەی هەنەخۆی بەس تێی وەڕامینێی.هەندەی جوان بوو،هەتا شەو ڕاشکا ، دەست گەمەو ماچ و موچ و ڕاباردنیان کرد،هەتا ڕۆژ هەرات، وەکی بووە ڕۆژ، ئەحمەد چۆ ناو سەرکە مەڕی و پەشتەماریان بەسەر هەرکێشاوێ.

ڕۆژەکێ پاشای لەدوو ناردن، گۆتی پێم خۆشە زاوای ببینم و عەزێ کەم بێنە کنم و غەریبیێ کیژێشم کردیە.ئەحمەدی خەبەر لۆ پاشای نارد، گۆتی ئەمن ئیوەە نایێم،با دەستە جلکەکم لۆ بنێری ، دەگەر هەسپەکی و دوو زەلامان،پاشا دەستە جلکەکی پاشایانی لۆ ناردو هەسپەك و شیرەك و دوو زەلامی ناردن و ئەحمەدیان سوار کردو بردیانە کن پاشای،داکێ بوو کێ گۆ با ئەمنیش بچمە کن کیژاخۆ، بزانم چەکات، وەزعی کووە؟کیژێ گۆت وەڵلا دایێ عەیبن نینە،بەرا ئەو سەرکە مەڕەی ئیشی ما تێك دایە،ئەچیتە ناو ئەو سەرکە مەڕەی لێناگەڕێ کەسی ببینی.داکێ گۆتە کیژێ، کیژا من بینە با ئەو سەرکە مەڕەی لێبسۆتینین، کیژێ گۆ دایێ نایسۆتینین ، ئۆ لە دێوانە بۆنێکا، داکێ گۆ نانا کیژم بۆنێ ناکا،سێریان لەسەر ئاگردانێ داناو سەرکە مەڕیان هاویتە ئاگری و سۆتاندیان.

ئەحمەد لەماریَ پاشای بۆن كردو هەرستا هاتۆ ماریَ، گۆتی دایێ چت كرد، گۆتی كورم چم نەكردیە، ئەحمەدی گۆتە ژنێ فاتم چت كرد، گۆتی ئەحمەد چم نەكرد.

ئەحمەدی گۆتە ژنێ: فاتم ئێمنو توو تێپەڕی ،هەتا هەتایێ،ئەتوو كارەكەكی ئاسن بكە دەگەر گۆپارەكی ئاسن بڕۆ مەشریقێ، ئەمنیش كارەكەكی ئاسن و گۆپارەكی ئاسن ئەكەم ، ئەچمە مەغریبێ،هەتا كارەك نەدڕێ و گۆپار نەبیتە دەرزی ئەمە ئێكدی نابینینۆ.

هەردووكان وەكرد،بە دەروێشایەتی رۆیشتن،هەر ئێكی بەر دەمەملەكەتەكی كرد.

رۆژەكێ فاتم تەماشاكاكارەكیا دڕاینەو گۆپاریشیا بوویتە دەرزی،چووە سەر كانیەكێ، تەماشەی كرد ،كیژۆكەك هاتە سەكانیێ بەغار بادیلۆكەكی وێبوو،فاتمێ وەگۆتێ كیژۆرێ خێرتەكاتێ رۆرە تێنیمە بادیە ئاوەكێم دێ،

كیژۆرێ گۆت:بڕۆ ئاوێ چ؟ حەفت سارە برام بزر بووە، تازا هاتیتۆ،كووت ئاوێ دەمێ؟ برامی تێنیە، هەتا ئەو نەخواتۆ ئاوێ نادەمە كەس.

فاتمیّ گۆ هەر قمۆكەكیّ، گەروما ئیشك بووە، رەجای لێكرد، بادیەی لێوەرگرت، گوستیلەكی وێبوو بەبنی بادیەی وەنووساند، فاتمیّ زانی، ئەویّ ئاویّ لۆ ئەحمەدیە بات.

كیژۆرە بەغاردان ئاوی لۆ برای بردۆ،ئەحمەدی چاو وەگوستیلیّ كەت ناسیۆوە، گۆتیە خوشكیّ: ئۆ كی لەسەر كانییّ بوو؟گۆتی كەس، سێجاری لێتیكرار كردۆ، خوشكیی هەرگۆتی كەسی لێنیە.

ئەحمەد هەرستا گۆتی : ئەمن لەسەر كانییّ نەبی ئاویّ ناخۆمۆ.

ئەحمەدیش چووبۆ ناو دێوان چونكە ئەحمەد لە دێوانە، وەكی چووە سەر كانییّ، فاتم لەویّ بوو ،ئەوجا گۆتی فاتم: چبكەم، چت لێوەشێرم، ئەمن داك و باو براو خوشكم هەموو دێون،ئەمن نەوێرم ئووهەت ببەمۆ، هەرستا فاتمی كردە قۆدیی جغارەو هاویشتیە بەر پشتیّ.

لەماریّ داك و باوانی گۆت ئەحمەد بۆن دیّ بۆنیّ ئادەمیان دیّ،لەو عەرەو مەكانەی دیّ،چەندی ئەحمەدی گۆت كا بنیادەم؟ وێم نیە، بیفایدەبوو، گۆتی سووندیّ بخۆن چیلێنەكەن پێشانووەدەم، گۆتیان سووندیّ خۆین، فاتمی هینا دەریّ و وەكی خۆی لێكردۆ.

ئەحمەد سبەینیّ چووە راویّ،پیرەژنیّ داكیّ ئەحمەدی گۆتیە فاتمیّ گۆتی هەتا هێواریّ، حەفت بەرگە بالیفی وێدان و گۆتی هەتا هێواریّ

ئەو حەفت بەرگە بالیفانە هەمان پڕی كوركێ سیخوڕیەكەی،لە دەشتێ لەدوو بگەڕێ، ئەگەنا هێوارێ بێێۆ ئەتخۆم.

فاتمێ غەریب و مار وێران بەگریانەوە بەرگە بالیفی لەخۆ هەردان و بە دەشتێدا داگەڕا خوارێ.

لە هیكران ئەحمەدی گەیشتێ، گۆتی ها فاتم ئۆ چاكەی لەوێ دەشتێ؟

فاتمێش وەكۆ داكتەری دەبی ئەو بەرگە بالیفانە پڕكەی لە كوركێ سیخوڕی

ئەحمەدی بەزمانێ سیخوڕان بانگكردنێ و كۆمەرەك سیخوڕ هاتن و خۆیان راوەشاندو هەر حەفت بەرگە بالیفی لێپڕكردن و هێوارێ چۆ مارێ.پیرەژنی گۆت : فاتم هینات؟گۆتی بەرێ.

پیرەژنە دێوێ گۆتە فاتمێ: ئەی بەقوربانی رایێ ئەحمەدی كا،ئۆ رایێ توو نینە,

رۆژێ پاشتر هەنجەتەكەدی بە فاتمێ گرت و گۆتی دەبی ئەو حەفت مەنجەرانە پڕی فرمێسك بكەی ، ئەگەر نا هێوارێتە خۆم.فاتم هەگریا سەری بەسەر مەنجەرێدا گرت، ئەحمەد هاتۆ گۆتی هافاتم ئەوڕۆلۆچەگریێی؟ فاتمێش گۆ: داكتە رێ دەبی لۆ هێوارێ ئەو حەفت مەنجەرانە پڕكەی لە فرمێسكان،

ئەحمەدی گۆ برۆ ئاویٚ بکێشە، ئاوی پێکێشا هەتا مەنجەر هەموو پڕبوون، ئێجا دنکە خوێیەکی هاویشتە ناو مەنجەران ، هێواریٚ، پیرەژن هاتۆ گۆتی ئەورۆت چ گردیە؟مەنجەرت پڕکردینە؟پیرەژنیٚ گۆت خوات بەقوربانی رایی ئەحمەدی کا ئۆ رایی توو نینە رایی ئەحمەدینە.

ئەحمەدی دەزگیرانەك هەبوو لە دیوان چل سەری پێوەبوون، چل سەریان تێگەیاند و وەیان گۆتی:درانان بسوو، فاتمیٚ نێرینە کنەتوو و بیخۆ.

فاتمیان ناردە کن چل سەریٚ، لە ڕێییٚ ئەحمەدی گەیشتیٚ، گۆتی کێواچی فاتم؟گۆتی ئەچمە کن دەزگیرانێت هێرەنگیٚ دینم.

ئەحمەدی وەگۆ:راوەستیٚ ڕێییت لۆ دانێم، لەڕێییٚ ئەگەیە کانیەکە پڕی کێم و هەوا، کەس بێژ نایی چاواش لێبکا،هەڕوو قمە ئاوەکێی لێوەخۆ، شەقە ئاوەکێش بە چاواندا کە،بریٚ ئۆخخەی چە خۆشی، بریا مارم لەتەنیشتە توویا،پاشی هەنگینیٚ ئەگەیە زەویەکە پڕی قونجرکەیە،سێسەران بەناودا بە پێخواسی هەڕوو و وەرە،لەوێشە رۆی ئەگەیە هەسپەکی هێسکیان لە پێش دانانیە،ئەگەیە شێرەکیش جۆیان لەپێش روو کردیە،جۆی لەبەریٚ شێری هەگرەو لەبەریٚ هەسپی دانیٚ، هێسکانیش لەبەریٚ هەسپی هەگرەو لەبەریٚ شێری دانیٚ،ئێجا هەڕوو هێرەنگا لەدەریٚ بەهەوای وەکرایە، روو ببیٚ و هەریٚ،گۆتی باشە.

ئەوی ئەحمەدی گۆتبوو هەمووی جێبەجێکرد،گەییە پێش دەرکێ، چل سەرێ گۆت: راوەستە خوشکم ئاچم لۆت دینم،فاتم رووبووە هێرەنگێ و هەرات،چل سەرێ وەکی دیتی فاتمێ هێرەنگ بردو هەرات،

چل سەرێ گۆ هەسپە، هەسپە، بیگرە، هەسپی گۆ نایگرم،ماتوو نزانی ئەمن جۆیە خۆم هێسکان ناخۆم،ئەوێ جۆیا دایتە من،گۆتی شێرە، شێرە بیگرە، شێری گۆ نایگرم، ما ئەتوو نزانی ئەمن هێسکانە خۆم جۆی ناخۆم،ئەوێ هێسکا داینەمن،گۆتی زەویێ بیگرە، زەویێ گۆ:ئەتووە رێی قونجرکەم دەپێی راچن، ئەوێ سێجاران بەناومدا هاتیەو چووە بە پێخواسی، گۆتی کانیێ بیگرە، کانیێ گۆ: نایگرم ئەتوو بێزنایێ خویزیێم لێفڕەدەی، ئەوێ تێرا ئاو لێخواردیمۆو چاویشیا پێشووشتیمە،فاتم لەوەش دەرچوو و هێرەنگی لۆ پیرەژنێ برد.

دێوان گۆ: هەنووکە ئەمە ئەو ژنەن ناوێ و دەبی چل سەرێ وەگوێزیەوە، هەرستان چل سەریان بە بوو ك گواستەوە لۆ ئەحمەدی، شەوێ ئەحمەد هەرستا هەرچل سەری بڕین، فاتمیشی کردۆ قۆدیە جغارەو هاویشتیە باغەرێ و لێیدا رۆیشت لۆ شاری مارێ فاتمێ،

کاروانی دێوان وەکی چوون تەماشەیان کردێ،چل سەر کوژرایەو ئەحمەد و فاتمیش دیار نین.

ئەحمەد رۆیشت گەیشتە گوندەكی تەماشەی كردە بارانی لێدەهات وەكی سولیە مەسینان،پیرەژنۆكەك لەدووری گوندی ،لەولای سەری گەرەكێ،درۆپـەیان دەهاتن،ئەحمـەد بـەخۆ بـە كەچـە سـاقۆی وەسەبانی كەت و بانی لۆگێرا،لەشكری دێوانیش گەیشتنێ و گۆتیانە ئەحمەدی ژنەك و پیاوەك بێرەدا هاتن ، ئەت دیتینە؟

ئەحمەدیش گۆ:دەبرۆن سەرو خۆن ژن و پیاو، ئەمن پیرە داكۆكـەكا هێیە، نابینن بانیا لۆ گێرم.لەشكری دێوان بە نائومێدی گەرانەوە.

مارێ پاشای باوی فـاتمێ بـانگ راینێشـت ، هـەركێی خەبـەرەكێن لـە ئەحمەدو فاتمان لۆ وەرگری، دەبەر زێرانی هەرەكێشین..

ئەوان گەیشتنۆ ئێكدی بەخۆشیان رابارد و ئەمنیش چ پێنەبرا.

ئەو حەكایەتە خەسووم بەرەحمەت بێ(ئەفیسە ئەحمەد كاكەمین)تەمـەن ٧٠ سالێ، نەخوێنـدەوار، هـەولێر گـەرەكی بەسـتەپیازە، لـۆی گێرامـەوە، سالێ١٩٨٣ .

مەلاو کیژە پاشا

هـەبوو نـەبوو، هـەموو دەورو زەمانـان ، غـەدر لـە ژنـان کرایـە، بوختانیان پێکردینە، بەرا هەموو وەختەکیش خوا قەت زولمی لـەکن بزر نەبووە، رۆژەك هە داهاتیەهەموو شتەك کەشف بووە.

ئەگێڕنۆ وە ئەرێن:

پاشایەك هەبووە، حەفت کوڕی هەبووینە دەگـەر ئێـك کیـژی، کیـژی زۆر خۆشەویا،مەلایەکیش لـە گونـدی هـەبوو،رۆژەکێی بـانگ کـردێ، پاشای وەکۆتێ:

مامۆەسـتا بــە خــۆزانی ئیــك کیــژم هێیە،بەتــەمای ســەفەرێ حەجێمە،ئەگەر خوا بە قسمەت بکات،پێم خۆشە دەرسێم بـە کیـژێ برێی،وەکی هاتمۆوەش چی برێی ئەتدەمێ،مەلای گۆ باشە.

پاشا وەڕێکەت لۆ سەفەرێ حەجێ،کوڕەکانیش هەستان هۆدەکیـان لـۆ خوشـکێ تاقانـە رازاندەوە،کێرکـەریان لـۆ گـرت و بەخۆشـیان حەڕەسیاتیان لە خوشکێ خۆگرت،

خوشـکیش سـبەینێ هەرسـتا چـووە کـن مـەلای هـەتا دەرسـێی پێبرێ،مـەلای گـۆت ئەگـەر ماچـەکێم نـەدەیێ، دەرسـێت پێنارێم،کیژۆرە هەرات و چارۆکی لێبەجێما.

داکێ گۆتێ کیژم ئەدی کا چارۆکت؟

گـۆتی: دایـێ لـەرێیێ گەیشـتمە ژنەکـە فـەقیر ئـەبێ چـارۆک بـوو، ئەمنیش دایێ.

داکێ گۆت چاکت کرد کیژم.

رۆژێ پاشتر، مەلای دیسان ئێقەی لێگرتۆوەو گۆتی ئەگەر ماچەکێم نەدەیێ دەرسێت پێنارێم.

ئەوێجارێش هەرات و پێراوی لێبەجێما.

داکێ دیسان لێپرسیۆ: کیژم ئەدی کا پێراوت؟

گۆتی: دایێ کیژەکە هەندە فـەقیرم دیت ، ئـەپێخواس بـوو، پێـراوم دایێ.

داکێ دیسان دەستخۆشی لێکردو وەی گۆتێ: ئیشەکی باشت کردیە.

کیژەکە بانگی داك و برایانی کردو گۆتی: بشم کوژن، ئـەمن دەرسـێ ناخوینم.وەشی گۆتنێ بەجێم نێرن بەتەنێ،

هەرحـەفت بـرا دری خوشـکێیان نەشـکاندو بـەجێیان نێشـت و حەرەسیاتیان لێگرت،ئێکی لەکن نەبایە دووی لەکن بوون.

پاشا لەحەجێ گەڕاوەو گەیشتە بەغدایێ،مەلای وەدوو راچوو،پێشی هەموو شتی پاشای گۆت:مەلا کیژێ من تاکێندەرێ خویندیە ؟

مەلای گۆ پاشام خۆشیی ، خویندنێ چ و حاری چ؟کیژت لەکێ بوو، حاشا عازری ئۆتێ ئەتوو وەڕێکەتی کیژ هەخەریکی بێناموسییێیە،کیژت ئوهەو ئوهەیە.

پاشای گۆتە کوڕێ خۆ: ئەوە سوند ئەوە قورعان،نابێمۆ هەتا نەچن نەی کوژن و جلکێ بەخوینم لۆ نەینن، ئەمن نابێمۆ ئەوێ کاولێ.

کوڕە ئۆباو پیاوی چابە، ئەتوا لەحەجێ هاتیۆوە،گوناحەکی گەورەیە،لۆچی بکوژین،بەکێ رێی دەگەر کێتە،چەندی گۆتیان ئەمە بەخۆ حەڕەسیاتنا لێگرتیە،هیچن لێنەدیتیە، لۆبە قسێ مەلایەکەی؟نەی سەلماند،ناعیلاج کوڕی هەستان خوشکیان بردە چیای و جلیان لەبەرکردن بە رووت و قووتیان بەرەللا کرد، دریان نەهات بیکوژن،تاژیەکیان کوشت و جلکێ خوشکێیان دەخوینێ تاژی وەردان و لۆ باویان برد، ئەوجا پاشا هاتیۆ.

کیژیش لە چیای ماوە بەتەنێ، ناعیلاج بە رووتی چووە بن درپەکێ.

کوڕەپاشایەك ناوی ئەحمەد بوو لە راوێ ئەگەڕا ،تاژیان هەرکوتا سەر بنە درپێ،ئەحمەد پاشاش چوو وەی گۆتێ: ئەتوو چی لێرە؟گۆتی بنیادەمم.

ئەحمەد پاشاش گۆت چەکەی لێرە ؟

گۆتی: ئەشتەكم لۆ هەردە ،هەتا دەخۆ وەرگرم،ئەرووتم،حورمەمە،

ئەحمەد پاشاش عەبای خۆی لـۆ هـەردا، دەخـۆی وەرپێچاو بەسـەر هاتی خۆی لەسەری هەتا بنی لۆ گێڕاوە.

ئەحمـەد پاشـاش لەپشـتەخۆی سـوار كردوبردیـۆ مـاریێ و زۆریـان خزمەتكردوپاشی عەبیامەكی لەخۆی مارەكردو پاشـی چـەند سـاران سێ مندارۆكەی لێبوون، هەرسێك كوڕبوون.

رۆژەكێ پاشا هاتۆ لەراوێ، تەماشەی كردێ ژنـی لانكـێ ژیـنی و لای لایێ كاو هەریشەگرییێ.

وەی گۆتێ ئۆلۆچە گرییێ ؟

گۆتی: غوربەتییێ مارە باوێ خۆما هەستایە چـەند سـارە بێخەبـەرم، ئاگام لێنینـە، نـزانم كیـان مایـە كیـان مردیـە، لـۆ بـێ بـەختییێ خـۆ ئەگرییم،خۆ بێداك و باو نیمە، لۆ نام بەیۆ؟

ئەحمەد پاشا هەرستا قافرەی لـۆ رێـك هێخسـت و ژنەكـەیان لەسـەر سـوار كـردو قـولی ئـەمین دار بوو،وەگـەری هێخست،رۆیشـتن ، مـارە باوێ ژنەكەش چار قۆناغانە دوور بوو.

هێوارە داهات ، قۆناغیان هێخست،وەختی نووستنێ قولی گۆتـە ژنـێ ئەحمەد پاشای ، خۆم تەسلیمكە، ئەگـەرنا مندارەكتـە كوژم،گۆتیـە قـولی: ئـۆ تـوو لەكنـەخۆ ئەمینـداری پاشـای كـوو ئـەوێ دەعـوایێ لەمنەكەی؟برۆ بیكوژە.

قول هەستا ئێکە لە منداراني کوشت،ژنەكەش باسکۆکەی کوڕی دەباغەریٚ نا،.

قۆناغیٚ دووەم ، هەربەو میسالی، ئیٚ سێیەمیش هەروا، هەتا قولی هەرسیٚ کوڕ لێکوشتن، لە قۆناغیٚ چارەم دا، قولی گۆت: تازە هیچ چارەت نەمان، خۆ دەبی خۆم تەسلیم کەی، ژنێش گۆت: باشە بەرا نوێژیٚ عیشاییٚم نەکردیە، ئاچم دەست نوێژیٚ هەرەگرم،نوێژیٚ کەم ئەوجا هەنگینیٚ.هەرستا مەسینەی دەست کردیٚ ، قولیش کندرەك دە دەستی هێخست و سەری دیکەشی لەدەستی خۆ بوو،ژنەكە چوو لە دووری قۆناغیٚ سەرە کندری دەپنجە گیایەکیٚ هێخست و هەرات، قورتاری بوو لەدەستیٚ قولی.

بەویٚ شەویٚ هە رۆیشت هەتا سبەینە داهات، لەماندیەتیاني خەو لێکەت، وەختەکی وەخەبەر هات،لێڕاما شوانە وێرکەك لەکن حەیوانیە، گۆتی شوان ماندی نەبی، لۆناییٚی جلکان بگۆڕینۆ؟.

شواني گۆت:خانم بەجوانییٚ خۆت، گەمانم پێمەکە، کووە بی ئەتوو بەو جلکە جوانانەو ئەمنیش بەو جلکە شڕ و هوڕانە بگۆڕینۆ؟

هەر کوەکی هەبوو جلکیان گۆڕینۆو گۆتیە شوانی: ها بگرە هەندە زێڕانەشت بدەمیٚ بەرخەکی لۆ من سەربڕە گۆشت لۆتوو و بەس ریخەرۆکم پێوێن.بەرخی لۆ سەر بڕی و ژنەكەش هەستا پرچیٚ خۆی لەپشتە سەریٚ خڕ کردۆو ریخەرۆکی لەسەر ئاراندن، ئێجا چووە بەر تاویٚ هەتا ریخەرۆك هیشك بوون،چەنگە لیرەکی دا شوانی و

وەرێکەت، هەرۆیی هەتا گەیشتۆ شاری مارە باوێ خۆ، چووە پێش مارێ پاشای باو و گۆتی قازەوانان راناگرن؟ گۆتیان بڕۆو لای کەچچەری پیس و خەلیس، دوایێ پاشای دیت، زگی پێسۆتا ، گۆتی دەبیکەنە قازەوان.بووە قازەوان و رۆژێ ئەچووە کن قازان.هەمووی پێخەنی بووبوون، شەوێ لەدەورەی خڕەبوونۆ، ئەوێش بەسەرهات و حەقایەت لۆ گێڕانۆ.

ئێجا با بگەڕێینۆ مارێ ئەحمەد پاشای مێردی ژنەکەی،قولیش وەسبەینێ را،گەڕاوە و ئەحمەد پاشاش لێ پرسی ، گۆتی : گەیاندتۆ جێ؟قولیش گۆ: پاشام خۆشبی : ژنت هەرسێ منداری کوشتن و هەرات لەدەستانم،

ئەحمەد پاشا هەرستا هەسپیان لۆ زین کردو وەرێکەت لۆ کن مارێ خەزووری بەخۆ بە قولی،هێوارێ مەدریس داندراو، دەعوایان کرد، کی حەقایەتەك ، بەسەرهاتەکی لەکنە بگێڕیتۆ؟قازەوانی گۆت: وای پیرە حەقایێت و بەسەر هەتم لەکنن،پاشاش گۆ دەبگێڕۆ کەچچەری پیس، قازەوانی گۆت: بەشەرتەکی دەبی دەرکێ گارە دەن، کلیرێش لەکنە من دانیێن، کیش تەنگاوە بالۆخۆ هەندیگایێ هەستی گوو و میزێ بکا، دوایێ کەس نابی بچیتە دەرێ، گۆتیان باشە ، دەدەست پێبکە.

قازەوانی گۆت:پاشایەك هەبوو، ئێك کیژو حەفت کوڕی هەبوون، پاشاچووە حەجێ، گۆتیە مەلای هەتا دێمۆلەحەجێ دەرسێم بە

كیژێ برێ، چی برێی ئەتدەمێ،پاشا وەرێكەت، كیژۆرەش چۆكن مەلای تا دەرسێ بخوینی، مەلای گۆت ئەگەر ماچەكێم نەدەییێ دەرسێت پێنارێم، ئەویش وەگۆتە مەلای، پێم مەرێ و هەرات و چارۆگی لەكن مەلای بەجێما، رۆژێ پاشتر هەروە .

مەلا تەنگاو بوو، خەریك بوو هەرستی پاشای وەگۆتێ، ملی خۆ بشكینە دانیشە،قازەوانی درێژەدایێ و گۆتی :داكێ وەگۆتێ:ئەدی كیژم كا چارۆگ و پێراو؟ئەویش وەگوت: لەرێێم دانە فەقیرەكی.

رۆژێ سێیەم گۆتیە داك و برایان ئەمن چیدی ناچمە خوینـدنێ، وەیگۆتە برایان پاسەوانییم لێبكەن و بەجێم مێرن، پاشا لەحەجێ گەڕاوەو مەلای بەدوودا چوو،ئەویش پرسیارێ هەندێ لێكربـوو گۆتبووی: داخوە كیژم كووی خویندیە؟ مەلا ش گۆتبوو : خوینـدنێ چ و حاری چ، كیژت لەبەر بێناموسیێ ئاگای لەخوینـدنێ نەمایە، دوو رۆژان هات و وازی لێهینا.

وەلحاسر بەسەر هاتێ خۆی هەمموو لۆ گێڕانۆ و لە ئاخیریش گۆتی ئەوەم باوە، ئەوانەم برانە، ئەوەم داكە، ئەو مێردە ، ئەوەش قول، دەستی بردۆ باغەرێ باسكێ هەرسێ مندارانیشی هینانەدەرێ وهەموو پێك شاد بوونۆ،

ئێجا پاشای گۆت: هەڕوون تەنەكە نەفتەكی بینن، هینایان مەلاو قولیان قۆربەست كردن و هەریان دانە ناو ئاگری ...

ئەمنیش هاتمۆو لەماندیەتیێ زیاتر هیچم لۆ نەماوە.

ئـەو حەكايەتـە سـاڵی ١٩٨٢ خەسـووم بەرەحمـەت بـی (ئەفیسـە ئەحمەد کاکەمین لۆی گێڕامەوە) تەمەنی ٧٠ سال

پیرەژنێ بوختان کەر

پاشـایەك هـەبوو، نـاوی محەممـەد پاشابوو،سـێ کـوڕی هـەبوون ناویـان(مـەحمود و حەسـەن و ئەحمەد)پاشـای بـانگی کـوڕان کـردو وەیگۆتنێ:کـوڕم وەکـی ئـەمن مـردم، سێشـەوانم نۆبـەتێ لەقـەبری بگرن.

وەکی باویان مرد، هێکـان نۆبـەت لێنەگرت،ئەحمـەدی گۆت: براینـە ئـەدی ئەمـە شـەرت دەگـەر بـاوی نەگرتیـە، سێشـەوان نۆبـەتێی لـە قەبری بگرین،گۆتیان کوڕە دەبڕۆ باو لۆخۆ مردیـە ، ئەمـە لـۆ بچـین خەوێ لەخۆ حەرام کەین؟

بە ناعیلاجی ئەحمەدی قسێ خـۆ بـردە سـەری، شـەوێ ئێکەم،چـوو نۆبەتی لێگرت، چوو لە نێزیك قەبری ، هەندەك(کەڕەنگری) بەسەری خۆ دادا و خۆی شاردۆ،وەکی شەو راشـکا سـوارەك لەهـەوای راهاتـە خوارێ،هەسپی هەری رەش بوو،ئەلبیسەی هەری رەش بوو،دوو رمی لەبن کەوشێ هینانە دەرێ،لەزگ بوولەقەبری دا،گۆتی محمد پاشا بە زیندیم زەفەر پێنەبردی، بە مردیم کوو لەبەر دەستان خەلاسەبی؟

ئەحمەدی تیرەك گرتیێ و کوشتی و کەپولووتی لێکردنۆو دەناو توورەکەی ناو هەسپ و شێری بردن و مەیتی فڕەداوچووە ماریێ پیرەژنۆکەکی ، هەسپ و شێری لەوێ دانان و.

سبەینێ پاشی وەیگۆتە برایان پیاوی چابن بابچین نۆبەتێ لەقەبری باوی بگرین،برایان وەگۆتێ دەبڕۆ دەخۆ هەردە، شەوێ دی هیچ بوو ؟هەتا ئەو شەو بچین.بە ناعیلاجی شەوێ دووەمیش چۆ سەر قەبری باوی، دیسان وەختی شەو راشکا،دەنگەك هات لەعاسمانێ تەماشەی کرد،وەکی برووسکێ شۆقی براو کردۆ،ئەو جارەی هەسپی هەری سۆربوو، جلکیە سۆر بوون،وەکی ئی شەوێ دی، تیرەکی گرتیێ و ئەویشی تۆپاند.دم و لووتێ ئەویشی بڕین و دەناو توورەکەی نان،هەسپ و شێرێ ویشی بردنە کن ئێ دی.

ماوە شەوێ سێیەم بەو میسالی وەکی شەوێ دی و شەوادی ،سوارەك هاتە خوارێ، ئەوجارەی هەسپی سپی بوو، جلکیە سپی بوون، ئەویش وەکی ئێدی تۆپاندو کەپوو و لۆتێ ویشی بڕین و دەناو توورەکەی نان،هەسپ و شێری ویشی بردنە ماریێ پیرەژنێ.

ئەو سێ برایە زۆرە دەورەمەند بوون، مارەکی زۆریان لەباویەوە لۆ بەجێمابوو.

پاشایەکی دی هەبوو، سی کیژی هەبوون، هەندە ئەجوان و پێش چاو بوون، درت نەدات تەماشەیان بکەی ،ئەو پاشایە سێکیژەکانی

بردنە بەینی سێ بەحران، بانگی لێڕاپێشت ، هەرکەسەکی بتوانی بچیتە ئەو جێیەی کیژێ من مارەیی لەوان هاتبی،.

سبەینێ هەرچی کوچە کەرەکیشی هەبوو ، وەڕێکەتن،هەندەك سواری وەراغان بووبوون، هەندەك بە پێیان.

ئەحمەدی گۆتە برایان دەوراغەکیش وەمن دەن کەچە بارگیرەکیان وێدا، دەستی لەسەر پشتێ دانا پشتی گەیشتۆ عاردی، هەرلەوێی سەربڕی و لۆمێروانی بەجێهێشت،چۆمارێ پیرەژنێ هەسپی رەشی دەرینا و جلکێ رەشی دەبەر کردن و سواربوو،لە شرقەی بارای داو گەیشتە ئەو جێی و خوشکێ گەورەترێی هەرگرت و لەپشتەخۆی داناو هینایۆو بردیە مارێ پیرەژنێ،ئەو گەڕابووەوەش عالەمیش تازە ئەچوون.

سبەینە داهات وەکی دوونێ ، ئەوجارەی هەسپی سۆری دەریناو جلکێ سۆری دەبەر کردن و لەشرقەی بارایداو چوو خوشکێ ناوەنجیێی هەرگرت و لەپشتەخۆی سوارکردو گەڕاوە، ئەویشی بردە مارێ پیرەژنێ.گۆتی براینە ئەرێ چ هێیە؟ ئەو عالەمە چەکات؟

گۆتیان وەڵلا برام کەس سەر لێدەرناچی،ئۆ دوو رۆژە سوارەك دێ هەر بێنێ نەوعە وراغەکیا وێیە، جلکەکی نوێی دەبەر دایە،دوویا هینایتە ئێکا مایە،بەهەمانیشیە کەونە دوێ زەفەریان پێناچی.

ئەحمەدی گۆت برام دەگەرەخۆو نەبردم ئەمیش ئەو بەزمەی ببینم، ئەو رۆم وراغەکی وێدەن، داخوا ئەمنیش نایێم،وراغەکیان وێدا

دەستی لەسەر پشتێ دانا پشتی گەیشتە عاردی، ئەویشی کوشتۆوە، دوو کسۆکە تۆڕی لەوێ بوون، گۆتی بائەوەش لۆنگۆبی.

ئەوێ جارێ هەسپی سپی دەریناو جلکێ سپی دەبەر کردن و لێیدا رۆیی و لەشەرقەی بارایداو چوو خوشکێ کچکەشی هیناو لەپشتەخۆی سوارکردو ئەویشی هینا مارێ پیرەژنێ.

ماوەکی ئاگای لەبرایان نەبوو، رۆژەکێ چوو سەریان لێبدا ، هەندی قومارێ بکەن، هەردوو ك سفربووبوون،ئەوجا ئەحمەدی گۆتنێ عەیب ناکەن، سێ رۆژ بوو لەبەروە پاڕامۆ وەمەگۆتنێ بابچینە سەر قەبری باوی بەقسێ و نەکردم، وەنیە؟ گۆتیان با، گۆتی هەرسێ شەوان چوویمە نۆبەتم لێگرتیە سێ دێوم کوشتینە ئەوەش دم و لووتیان، دم و لووتی لەپێش هەر رێشتن، ئەو سێ کیژێ پاشاش هەرسێك ئەمنا هینابنە، برۆن بابچین ،بینە پیاو هەرئێکەو کیژەکی لێمارەکردن و هەرئێکەی هەسپەك و شیرەکیشی دانێ، لەبەر ئەوەی چ خانی و ماریان نەمابوو ، هەموویان لەقومارێ دۆڕاند بوو، لۆیێ چوون لەسەر مێرگەکێ خیمیان هەردان .رۆژێ ئەچوونە راوێ و هێوارانیش داتنۆ،ئەحمەدی تەماشەی ژنێ خۆ کرد، رۆژبەرۆژ هەرلەکورتیێ داو لاوازەبی،هەردوە براژنیشی هەرەقەرەو بوون،گۆتی عەجایب دەبی چ مەسەلە بی ،ئێ من هەلاوازەبی ئێ برایانیش هەقەرەوەبن،گۆتی دەبی ئەو سرەی کەشف کەم،گۆتیە ژنێ قسێم

لۆ بکە ، ئەتوو لۆ ئیوهـە لێاتیـە. لـۆ ئیوهـە تێك چـووی و زەعیـف بووی؟ژنێش قسە لۆ کرد.

گۆتی: هەموو رۆژێ پیرەژنوکە ك دێت سێ دەرزیان لەبەر بەرچێرێ خـۆ دەردینـی، ئـەو دەرزیانـە ئەبنـە بەچـکە دێـو، دەو ژنانـە بەرەبن،هەرچی خەرابە دەگەریانەکەن، گۆتی ئەمنیش نـاپێرم ئێجا بەهەمان بەژنەکان و بە بەچکە دێوان لەمنەدەن،بـەرا ئـەورۆ مەچـۆ راوێ ، بەخۆ تەماشەکە ئەگە درۆیێ بکەم وەرە بمکوژە.

ئەحمەد گەڕاوە ، گۆتیە برایان ئەمن نایێم شیرما لەبیرچووە،گەڕاوە وەکـی تەماشـەی کـردێ بەهـەمانیان لـە ژنـێ ویـەدا،دوایێ ئەحمـەد چۆوە راوێ ،

ئەحمـەد زۆر توورەبـوو، گۆتیـە ژنـێ وەرە لـەپێش پیرەژنـێ ئـەو شتەی بەحس بکە کە ئەو پیرەژنە چ فتنەکی نایتۆ، ژنێ ئەحمەدیش هەموو بەسەر هاتی گێڕاوۆ، برایێ ئەحمـەدی وەکـی زانیـان خـەتایێ پیرە ژنێ بووە، هەرستان پیرەژنیان لە دارەکێ بەستۆوەو سێشـەو سـێ رۆژانیـان چشـتاقە ئەشـیا نـەدایێ، هـەتا لـە ئـاخیری پـیرەژن لەبرسان مرد.

ئەوانیش بە خۆشی ژیان...

ئەو حەکایەتەش خەسـووم ئەفیسـە شـێخ ئەحمـەد شـێخ کاکـەمین، ساڵی ١٩٨٣ بۆی گێڕامەوە...

سێ دز

هەبوو ، نەبوو، سێ دز هەبوون،هەرسێکان ئێکدی گرتۆ،وەرێک کەتن کە بچنە دزیەکێ، ماوەك بوو دزیان نەکردبوون،هەستان وەرێکەتن،چوونە ئەشکەفتەکێ،ئەوێ ئەشکەفتێ مەڕی شوانەکی لێمۆرەکرا،هەرسێکان خۆ دەبن پووش و پەراشی نا،هێوارە داهات،شوانی حەیوان هیناوە ئەشکەفتێ،شوانی هەرسێ دز دیتن،حەیوانی داکردە ئەشکەفتێ، بانگی کوڕی کردو گۆتی کوڕم ئەورۆ هێوارێ نانی پشێ پێنج کەسان لێنێ،کوڕی گۆ تۆباو ئەمە هەر دوو کەسین، لۆ پشێ پێنجان لێنێم؟ شوانی وەگۆ کوڕم سێ مێوانیشن هاتینە،وەکی دزان وەگوێ لێبوو بەناعیلاجی لەبن پووشێ هاتنە دەرێ و چوونە کن شوانی،شوانی زۆر بەخێرهینان و گۆتی ئەنگۆ دزن؟ گۆتیان ئەرێ وەڵلا شەرمێ لێک نەکەین دزین و هاتبووین دزیێ لەتوو بکەین،شوانی گۆ وەرن واز لەدزیێ بینن، هەرئێکی مەڕەکێوە دەمێ، گۆتیان رازی نابین.

شوانی گۆ: مادام وازنااینن با بەسەرهاتەکی خۆو لۆ بگێڕمۆ داخوە چم لێبەسەر هاتیە لەسەر دزیێ،ئەمنیش وەکی نگۆ دزبووم،هەستام

دەگەر دوو دزی دی رێك کەتم، چووینە سەر رێیەکی دانیشتین دیتن پاشایەك بەسواری بەوێدا هات،ئەمەشی لێچووینە پێش و رێن لێگرت و وەنگۆتیێ لەهەسپی وەرە خواری‌ێپاشای گۆت لەسەر رێییێ من لاکەون، رێییێ من بەنگۆ ناگیریێ،پیاویێ باش بن خۆ لە چ هەرەتان مەدەن.ئەمەش گوێن نەداییێ زیاتری لێچووینە پێش،وەنگۆتیێ وەرە خواریێ فرتە فرتی پێناویێ،بەچاویێ خۆم دیت پاشا لە هەسپی هاتە خواریێ،هەرسێکی دەخۆریێ گرتین، هەتا سکوردیێ دە ناو خۆرێدابووین،توولەکیشی لەکن داناین، گۆتیە توولەی هەر هەناسەیان خواردۆ،مێشکیان بشکینەو بیان خۆ،بەخۆش رۆیشت،لەپێش چاویێ من توولە مێشکی هەردوو رەفیقیێ منی شکاندو خواردنی، ئێجا هاتە سەر سەری من، کەهەر هەناسیێ بخۆمۆ ئەمنیش بکوژی،هاوین بوو، توولە ماندی بووبوو،سەری بەسەر سەری مندا هینابوو،ئەمنیش تەواو لەخۆ وەرەز بووبووم، هەر زوو نەمکردە نامەردی پرم دا سکوردی توولەی و بەدرانانم گرت و ،دەگەر تەکانیێ من و توولەی لەناو خۆریێ هاتمە دەریێ و توولەم کوشت وچوومە سەر دارەکیێ،دیتم پاشا گەڕاوۆ،گەیشتە بن داریێ، خەنجەرم هینا دەریێ و خۆم هاویشتە سەریێ و کوشتم وجلکیێ پاشام دەبەر کردن وهەسپ خۆی نەوی کردو ئەمنیش سوار بووم، لەرێییێ چەندی کردم پێم نەکرا لەرێیێ لابدەم و بیبەمۆ ماریێ،هەسپ بەکەیفیێ خۆ رۆیشت.هەتا گەیشتە ناو شاری،چوو لەپێش قەسریێ راوەستا.دیتم دوو کەس بەپیرمەوە هاتن ، ئێکەکی خۆ نەوی کردو

ئەمنیش پێلەسەر پشتیێ داناو لەهەسپی هاتمە خواریێ،چووومە ژۆریێ و دانیشتم،دەستشۆریان هینتاو دەستم شووشتن،نانیان هیناو خواردم دیتم حەرەسان هۆدە لۆ چۆلکردم،ژنەکە زۆر جوان بەدەستووری کیژەپاشایان،هاتە ژۆریێ و وەی گۆتمیێ تۆلۆ خۆت تەنها نەکردیە؟جلکت لۆ لەبەر نەکردینە؟چیە دەرێی ئەورۆ زەوقت نیە؟.

ئەمیش مەسەلەکەم بەتەواوی لۆ گێڕاوە گۆتم هەرەم کوژن، بابەتەواوی وەیان برێمیێ، گۆتم ئەمن مێردی توو نیمە،.

ژنەکە هیچی خۆ تێك نەدا،گۆتی قەیدی ناکا ئەمن لێت لەهەڵلاّ نادەم و نات کوژم،تازە ئیشەکەت کردیە،خۆت ئاشکرا مەکە، ئەگەر بزانن بەخوای پارچەپارچەتەکەن.وەکی سبەینە داهات هەڕو سواری هەسپی ببەو لەولای شاری هەسپی بەرەللاکەو وەکی هەسپ هاتۆ ئەزانن کە پاشا کوژرایە،سبەینە داهات جلکیێ پاشام دەبەر کردنۆو نانم خواردو سواری هەسپی بووم ولەولای شاری بەرەللام کرد.

ئەوجا دزیکردن نەتیجەی باش نابی، وەرن واز لێبینن هەرئێکی دوو مەڕانوە دەمیێ.دزان گۆت وەللاّ واز نایێنن.

شوانی گۆت مادام وازلێنایێنن بابەسەر هاتەکی دیکەو لۆ باس بکەم:کابرایەکی گایەك هەبوو چەندی ئەمکرد پێم نەدزرا،هەرستام بوومە خورامی هەرپێم نەدزرا،کابرا کیژێ خۆی لێمارەکردم و ئیدی بوومە جۆتیاری، رۆژیێ ئەچوومە جۆتی و هێوارانیش داتمۆ ماریێ.

ڕۆژەکێ لەجۆتی بووم، وەختەکی گارە گارەك دەهات، ئاوڕم داوۆ تەماشاکەم خەرکی گوندی بەژن و پیاو و مندارەوە هەمان غارەدا لۆ کنەمن، ئەمیش هەراتم، گۆتیان کوڕە هەرنێی مەترسێ، گوێم دایێ هەمووە گریان، گۆتم باشە لۆچە گریێن؟گۆتیان ژنتا مردیە، ئێئەوجا ژنم مردیە مردیە ئەنگۆ لۆچە گریێن؟ گۆتیان ئاخر ئەتوو عادەتێ مە نزانی ، ئەگەر ژن بمری دەبی مێردیشی دەگەر هەردەنە بیرێ، کوڕە پیاوی چابن ئەو ئیشە کووەبی؟ لەچ جێیێ ئەو ێ دنیایێ شتی واهەیە؟ویستم هەریم، گرتمیان و حەفت نوردیەنان و کوندە ئاوەکیان لێقەیم کردم،وش وش هەریان داینە بیرێ، تەماشەم کردێ، بیر پڕو پڕ ی هێسك بوو، ئاوێرام تێریش بخۆم و بخۆمۆ لەترسێ هەندێ نەکە نان و ئاوم لێببڕێن، ئاخیر ڕۆژ بوو دوو پارە نان مابوون خواردنم .نان و ئاوم لێخەلاس بوو، ئەمنیش زۆر عێدزبووم چاوەڕێی هەجەلێمە کرد، وەختەکی وش وش جەنازەکیان هەردا خوارێ، ئەوێجارێ کابرایەك مردبوو ژنیان دەگە هەردابووە خوارێ، هەستام هەرلەناو بیرێم ژنەکە لەخۆ مارەکرد، ماوەکی زۆریش بەنان و ئاوێ وێن رابارد.ئەویشن تەواوکرد، زۆر بە عێدزی دانیشتبووین، چاوەڕێی مەرگی خۆنەکرد، وەختەکی خرتەخرتەك دات، تەماشەم کردێ ریوی بوو هێسکیەخواردن، گۆتمە ژنێ مادام ریوی هاتبیتە ژۆرێ دیارە رێیەك هێیە پێدا هاتبیتە ژۆرێ،گۆتم ژنێ ئەمن خۆ دەلاقی ریویەکەم ، ئەتووش لاقێ من بگرە و بەتەمای خوای بەرکی بچینە دەرێ.

ئەمن خۆ دەلاقێ ریوی کردو ژنێش لاقێ مـن گـرتن و ریـوی راپـەڕی رایکێشـاین، لەهەنـدەك جێیـان لەسـەر زگیـە ڕۆیشـتین ، لەهەنـدەك جێیـانیش بـەپێوە ڕۆیشـتین، وەختـەکی تروسـکاییەك پەیـدا بـوو، خەنی بووین، گۆتن تازە نەجاتن بوو،هاتینە دەرێ،تەماشـەم کـردێ چیایەکی لووس و تووس بنیشی بـەحربوو،گۆتم بریـا هەلـەناو بیرێـدا مابایێنۆ تا ئەمردین.وەمگۆتە ژنێ، ئـەمن خـۆ هەرەدەمـە نـاو ئـاوێ، ئەگـەر گەیشـتمە هـیچ ئیشـکاییان ئـۆ بانگتەکـەمێ ئـەتووش وەرە، ئەگەر ناش ئێگدین نەدیتۆ گەردەنێم ئازاکەو خوا حـافیز.خۆم هـەردا نـاو بـەحرێ ، لەهەنـدەك جێیـان ئەکەتمـە بـن ئـاوێ، لەهەنـدەك جێیانیش سەراوە بوو م، وەختەکی گەیشتمە هیشـکایەتیێ و بـانگی ژنێشم کرد، ئە ویش خۆ هـەرداو ، وەختـەکی ئـەویش گەیشـتە کنـە من.

ئـەو کـوڕەی دەگەریشـم دایـە لـەو ژنەیـە، وەرن واز بیـنن ، ئۆلـۆم کردنە هـەرئێکی سـێ مـەڕ.گۆتیـان واز نـاینین. دەمـادام وێیـە گـوێ بدەنێ با ئەو بەسەر هاتەشو لۆ بگێڕمۆ: گۆتیـوەکی نگۆ ئەمـەش سـێ دز بـووین.لەجێیـەکی دانیشـتبووین دیـتن مـامزەك بەکنەمـەدا ڕۆیشـــت،ئەمەش هەرســێکی وەدوو کـــەتین لەهەنـــدەك جێیـــان مامزانەوەسـتا هـەتا ئەمەیـە گەیشـتینێ ،پاشـێ وەکـی ئەمـەی لێنێزیکە بووینۆ پێی بەغارێوا ناوۆو هەردات،لەو گردی لۆ ئەو گردی، لەو زوورگـی لـۆ ئـەو زوورگـی ئـەو دەردەی داینـێ، هـەتا هێـوارەن

بەسەردا هات،مامز لەپێش چاویَ مە چۆ ناو ئەشكەفتەكیَ، ئەمەش هەرسێك لەدوو ویَ چووینە ژوریَ.گۆتن تازە گرتن،گەیشتینە ناو ئەشكەفتیَ مامز بووە دێوەك هەندی كەرتكە چیایەكی، بەردەكی گەورەی دەستكردیَ و بەدەركیَ ئەشكەفتیَ ی وەناو گۆتی ئەوجا كێوا چن؟كووم لەبەر دەستان خەلاسەبن؟.دەستەكی لەپشتی برادەرەكی من دانا و گۆتی : ئەتوو لۆ مەغریبیَ باشی،دەستەكیشی لەپشتیَ ئەوی دیدا گۆتی ئەتووش لۆ نیوەی شەویَ باشی،لۆلای منیش هات و دەستی لەپشتیَ دام گۆتی ئەتووش لۆ وەختی بەیانی باشی.

مەغریب داهات لەپێش چاویَ من شیشەكی ئاسنی لە پشتیَ برادەریَ من داو دوو جاری بەسەر ئاگریدا هیناو سۆری كردۆو خواردی،نیوەی شەویَ داهات ئی دووەمیشی سۆر كردۆو خواردی،ئەمن بەتەنیَ مامۆ،هات وەختی بەیانی دابیَ،لەغەیبەوە دەنگەكم هاتە گوێی و گۆتی هەستە دێوا نووستیە،دێویَ حەیوانەكی زۆری هێیە،هەڕوە ناو مێگەلیَ نێریەكی سپی دەناو دایە، زوو هەڕوو ئەو نێریە سپیەی بكوژۆوەو بیگروینەو كەوری كە و هەڕوە ناو پیستی،زەنگوریَ نێریش دەملی كە،وەكی سبەینە داهات بانگتەكات ئەریَ نێری وەرە هەڕوو لەپێشی راوەستە، وەتەرێتیَ:نێری ئەورۆ مێگەلیَ ئەبەیە فرانە جێی ، باشیانە لەوەڕینی، لەفرانە كانیێ ئاویانەدەی،وەكی

هێوارەش داهات زوو دەیان هینێ،ئەتووش زەنگوریَ راوەشینە، یەعنی باشە.

بەس پێشی بچیە ناو پیستی نێری ، دێویَ خەوا لێکەتیە،هەرو ئەو شیشەی جوان سۆر کۆوە بەهەموو هێزیَ خۆ شیشە ئاسنی سۆر بوویۆ دەناو هەردوو چاویَ دێوی راکەو ئێجا هەریَ.

هەرستام ئەو شتانەم هەموو کردن، وەکی شیشەئاسنم دەچاویَ نێری راکردن و کۆرەم کرد، لەهارڕنی دا،گۆتی ئەوەت دەگەر کردم، با حەیوانی بنێرمە دەریَ ئێجا ئەزانم چت لێکەم.

سبەینە داهات دێویَ بانگ کردمیَ ، چوومە پێشیراوەستام ، گۆتی نێری: ئەمنیش زەنگورم راوەشان، گۆتی: نێری ئەورۆ ئەویَ مێگەلیَ ئەبەیە فرانە جێی، لە فرانە جێی ئەیان لەوەرینی، لەفرانە کانییَ ئاویانەدەی ،هێوارێشیان زوو دینیۆوە، ئەمیش زەنگور لۆ راوەشاندو دەستی کردە ئێك ئێکەو هەتا هەموو مەرو بزن هەموو چوونە دەریَ،وەکی زانی هەموو چوونە دەریَ، تاشەبەردی دەست کردیَ و بەدەرکیَ مغەیرییێی وەناو قەپاتی کردو گۆتی: ئێجا کێوە روحیَ خۆ قورتارەکەی؟لەدێوی وابی ئەمن هەر لە ژۆرێمەو لەی وابی نەچوویمە دەریَ.

ئەمنیش گۆ: تازە ئەتوو روحیَ خۆ چ لێکەی کافر؟ئەمن ئۆ لەدەرێمە، چووم خەرکی گوندم هینان دێون کوشت و ئەو حەیوانەش ئی ئەویَ دێوێە.

ئـەوجا وەرن مـەردى خـواى بـن واز لـە دزيـىٚ بيـنن ئـۆ لـۆم كردنـە هەرئێكى چار مەڕ.

هەر ئێكى چار مەڕم دانـىٚ ، ئـەوان واز لـەدزيىٚ هينـاو چـوونۆ مـارىٚ خۆ.

ئەمنيش حەكايەتم خەلاس بوو و چم پێنەبڕا.

ئەو حەكايەتە هەشتاكانى سـەدەى رابـردوو لەلايـەن (جـەبار حمـد قـادر) خەڵكى هـيران، دانيشـتووى باليسـان ئـەو كـات، ئێسـتا تەمـەنى شێسـت ساڵەو دەرچووى ئامادەيى يە.

سەعد و سەعید

پـیرە مێـردەك هــەبوو زۆری فــەقیربوو،ڕۆژێ ئەچـوو لەچـیای بـارە دارەکی ئەبردە شاری و بە چار ئەستوورکە نانیەدان لۆخـۆو ژنـێ و دوو کوڕیشی هەبوون بەناوی سەعدو سەعید.

ڕۆژەکێ لەداران بوو داریەکردن، تەیرەکی دیـت ، راوی کـردو گرتـی، ئەوی سەرکی ئەو تەیرەی خواردبا ئـەبووە پاشـا، ئـەوی دركـێ ئـەو تەیرەشی خواردبا ئەوی گۆتبای لۆیەبوو،پیرەمێرد خوا لۆی هینابوو دەورەمەند بوو،ڕۆژەکێی وەگۆتـە ژنـێ عـەزم لێیـە ئـەو سـار بچـمە حەجێ، خوایا دایە بەس دەبی زۆرت ئاگا لە سەعدو سەعیدان بی.

پیرەمێرد وەڕێکەت چووە حەجێ، جوەکیان جیران بوو، دەگەر ژنێ پیرە مێردی خۆی لێك دابۆوە،جوو وەکی وەی زانی مێردی چوویتە حەجێ،هەستا چووە کن داکێ سەعد و سـەعیدان،وەی گۆتـێ:دەبـی ئەو تەیرەم لۆ بکوژیۆلەسـەر برنجـی دانێی،بـەس نـابی هیچـی لـێکم بی،نەسەرك نەدرك، ئیلا کورك و ریخەڕۆکانی لێقڕەدە.

ژنەکە هەستا تەیری کوشتۆو عازری کـردو شـیوی تێکـردو چـاوەڕێی جـووی بووکەبێت،هەرنـەهات، ژنەکـە هەرسـتا چـۆ دەرێ،سـەعدو

سەعید هاتنۆ ماریێ،تەماشەیان كرد تەیر كوژرایتۆ و لێندرایەو لەسەر برنجیش داندرایە بەس خواردنیەویێ،سەعیدی سەرك خوار،سەعدیش درك خوارد، هەردووك چوونە ناو كەندویێ،گۆتیان بزانین داكێ مە ئەو رەشە شیوە لۆ كێ لێنایە؟.

بەینەك پێچووداكیان هاتە ژۆرێ، جووش پەیدا بوو، گۆتی :كا شیوت لێنایە؟گۆتی ئالێم نایە،جووی گۆت خۆ كەس چ لێنەخواردیە؟ژنەكەی گۆت كەس چ لێنەخواردیە.شیوی هینا لەبەرێ جووی دانا،جووی تەماشەكی كردێ،سەرك و دركی دەگەر دانینە،گۆتی ئۆ كێ خواردینە؟ژنەكەی گۆت هەبی نەبی سەعدو سەعیدان خواردیە،جووی وەگۆ: هەركەسەكی خواربیتی ئەموێ ئەو كەسەم لۆ بكوژی و سەرك و دركانی لە زگی بینیە دەرێ لۆوەی ئەمن بیان خۆم.جوو لەخەفەتان هەرستاو رۆیشت،ژنەكەش هەستا چووە سەر بانی داخوە سەعدو سەعید دیارنینە تا بانگیان بكات و بیان هینیتۆ ماریێ.

سەعدو سەعیدیش لەناو كەندویێ هاتنە دەرێ و دەسرۆكەكیان هینا پڕیان كرد لە نانی و شیویێ،لێیاندا رۆیشتن و ماریان بەجێهێشت.گەیشتنە سەر كانیەكێ نوێژیان كردو نانیان خواردو هەرستان وەرێكەتنۆ،گەیشتنە دووریانەكێ لەسەر رێیەكێ نویسرابوو رێیێ هاتێ، لە ئێدیش نویسرابوو رێیێ نەهاتێ،سەعیدی لەسەر باسكی سەعدی نویسی سەعید، سەعدیش لەسەر باسكی سەعیدی

نویسی سەعد. هەتا لەدوا رۆژ ئێگدی بناسنۆ،خوا حافیزیان لێکدی کردو هەرکەسە بەرێیێ خۆدا رۆیشتن،سەعید لە رێیێ هاتێدا گەیشتە شارەکی، پاشایان مردبوو، بازیان هەرەدا، باز لەسەر سەری هەر ئێکی بنیشیتۆ ئەو کەسەیەکەنە پاشا،باز گەڕا گەڕا چوو لەسەر سەری سەعیدی نیشتۆ.

گۆتیان بازێ غەرەت کردیە، داخوە ئەو کوڕی چ دەرۆزەکەرەکیە، هەستان سەعیدیان بردە ناو خانیەکی ، بازیان هەرداوە دیسان، باز هەر گەڕا هەتا کونەکی دیتۆ چوو لە ژۆرێ لەسەری نیشتۆ،ئەوێ جارێ سەعیدیان برد دەناو مزگەفتێیان کرد،لۆ جارێ سێیەم باز دیسان چوو لەسەر سەری نیشتۆ،باز هەردانیش بەس سێجار بوو،گۆتیان فایدەی نیە، دیارە قابیلیتی بیهینن بیکەنە پاشا،، سەعیدیان کردە پاشاو کیژێ پاشای مردیشیان لێمارەکردو دەپاریان کردو ماریان لۆ داناو ئەوجا با لێرە سەعیدی بەجێبێڕین و بچینە کن سەعدی بزانین سەعدی چ کردیە.

سەعدیش بەرێیێ ئەهاتێدا رۆیشت، لەرێیێ تەماشەی کرد دوو کەس بەشەڕدەهاتن،سەعدیان گەیشتێ و لێکی کردنەوەو لێی پرسین: ئۆلۆ بەشەڕ دێن؟گۆتیان لەسەر کراوی(سەخرە جندی) و ئەو مافوورەی،وەی گۆتنێ، ئۆ چ ئیستیفادەیان هەیە؟گۆتیان هەرچی ئەو کراوەی لەسەری نێ کەسی نابینی ، ئەویش هەموو عالەمێ

ئەبینی، ئەو مـافوورەش هەرچـی لەسـەری دانیشـی و بـڕیٚ(قـوم بـە ئیزنت یا الله) لۆ هەر جێیەکی بتویٚ ئەتباتە ئەوێندەریٚ.

سـەعدی گـۆت راوەسـتن ئـەمنو پێـك دینم،گـۆتی ئـەمن تیرەکـیٚ لـۆ ئەولای داوێم و ئێکێش لۆ ئەولای، هەرچی زووتر تـیریٚ بینیتۆکنـەمن کراوی سەخرە جندی ئـی ویـەو مـافووریش ئیدیکەیـە،گۆتیان باشـە رازینە،سەعدیش تیرەك لۆ ئـەولای تیرەکیشـی لـۆ ئـەو لای هـەردان، ئەوانیش پیٚ بەغاریٚ وەنا،سەعدیش کراوی سەخرە جنـدی لەسـەری ناو لەسەر مافووریش دانیش و گۆتی قوم بـەئیزنت یـا اللـە لـۆ سـەر قەسریٚ مەنیجاییٚ،بەیەك دەققەی گەیشتە سـەر قەسـریٚ مـەنیجاییٚ، تەماشەی کردیٚ هەرچار دەوریٚ قەسریٚ مەنیجاییٚ هـەمووی خێمەیـە هەردراینە، هەمووی ئیٚ عاشقانن،هەموو خێمیٚ کەسك و سـۆر،گۆتی عـەجایب ئـەو هـەموو خێمانـە چنە؟سـەعد لەسـەر قەسـریٚ بـە قادرمانـدا هاتـە خـواریٚ، کەسـی نـابینی کـراوی سـەخرە جنـدی لەسەریە.چووە کن خێم درووی، گۆتی خێمەکێم لۆ بـدرو بـەرا دەبـی لباد بی،چ رەنگانی لێمەدە، خێم درووی خێمەك لۆ دروی لە لبادی چ رەنگیشـی لێنـەدان، لۆشـی هـەردا لـەناو خێمـیٚ عاشـقان،مەنیجاییٚ هەموو نیوڕانـان سـەری لـە عاشقانەدا،ئەچـووە کنیـان و هـەر ئێکـی قاوەکیەدانیٚ،تەماشەی کرد خێمەك هەردرایـە چ رەنگـی لێنەدراینـە، بـانگی کێرکـەرێی کـرد و گـۆتی ئـەو خێمـاهیٚ ئـیٚ کێیە؟هـەڕوون وەیبرێنیٚ باخێمیٚ سۆرکات،سەعدی وەگۆ: ئەمن خێمیٚ سۆر ناکـەم،

سبەینە داهات سەعدی وەگۆ وەڵلاهی ئەمن وەکی ئەو عاشقانە بەبێدەنگی لێرە دانانیشم،لەسەر مافووری دانیشت چووە سەر قەسرێ و کراوی سەخرە جندی لەسەری ناو کەسی نابینی چووەکن مەنیجایێ،برنج و گۆشتی لەبەرێ بوو سەعد کەتە سەرێ هەتا مەنیجایێ پارەك لێدا ئەوی شیو خەلاس کرد، مەنیجایێ گۆتە کێرکەرێ کێ شیو دەگەرەمن خوارد؟شیو خەلاس بوو ئەمن چ نەخواردیە،کێرکەرێ گۆ : ئێ خانم ئەمە چسوانین، کەس لێرە بووە هەتا شیوێ دەگەرەتوو بخوات؟رۆژێ پاشی هەر بەو میسالی،مەنیجایێ گۆت ئەگەر ئەتوو بنیا دەمی خۆ ئاشکراکە ، ئەگەر بنیادەمیش نی خۆم لێوەدوور بێخۆ،شەرت بی مارەییێ منیش لەو کەسی بێ ئەوی شیوی دەگەرەمن خواردیە.

سەعدی خۆ لێئاشکرا کردو گۆتی وەڵلا ئەمنم ناویشم سەعدە، مەنیجایێ بانگی مەلای کردو خۆی لە سەعدی مارە کرد،چوونە سەر قەسرێ، سەعدی گۆ سواری مافووری بە با پیاسەکی بکەین،هەردووك سواری مافووری بوون و گۆتی قوم بەئیزنت یا اللە لۆ بەینی حەفت بەحران،بە دەقیقەکێ گەیشتنە بەینی حەفت بەحران، گەلەك کەیف و خۆشیان کردن،چوون لەبن دارەکێ سەعدی سەر وەسەر گۆشێمەنیجایێ کردو خەوی لێکەت،مەنیجاش پێلەقەکی لە پشتێ سەعدی داو درکێ تەیری هیناوەو هاویشتیە زاری و خواردی،سواری مافووری بوو و گەیشتۆ سەر قەسرێ خۆ،

سەعدیش بەتەنێ بەجێما،وەختەکی بەهایی هات تەماشەی کردێ کەسی لەکن نەمایە،چووە سەر بەحرێپشتێ خۆی وە قاپە بیەکێ دا،تاقمە پەریەك هاتن لەسەر بیێ هەر نیشتن ،گۆتیان ئای های ئەوەش عاشقێ مەنیجایێ یە لۆیێ کەتیتە ئێرە.گۆتیان وەکی ئەمە رۆیشتین هەندەك پەلکە بی ئەکەونە خوارێ ،با ئەو پەلکە بیانە دەبن پێیێ خۆ بدات بەسەر ئاوێدا ئەڕوا،شوارکەکیش لەو بیەی بکاتۆ هەرچی ئەو شوارکەی لێبدا ئەبیتە کەر،سەعدیش ئەوە گوێ دایتێ،ئەوان هەر فڕین،هەندەك پەلکە بی کەتنە خوارێ دەبن پێیانی دان و شوارکەکیشی لە بیێ کردۆ بەسەر ئاوێدا رۆیشت و چۆ کن مارێ مەنیجایێ ناو عاشقان،هەر ئێکی شوارکەکی لە عاشقان دا ، هەموو بوونە کەر، بووە زۆرە زۆڕێ کەران،مەنیجایێ لەسەر قەسرێ هاڕاند گۆتی ئەوانە لۆ وەلێهات؟سەعدی شوارکەکیش لەوێ دا ئەویش بووە ماکەرەکە لێو شۆڕ،بردی لەبن دەرگەی بەستۆوە،وەی گۆتێ ئەگەر تۆبەیەکەی سەری راوەشینەئەگەر تۆبەش ناکەی هەر ئێوهەبە.مەنیجایێ سەر رلوەشاند،گۆتی تۆبەیەکەم،شوارکەکی دی لێدا بۆوە مەنیجایێ گۆرین،شوارکەکیشی لەعاشقان داوۆ هەمان وەکی خۆ لێهاتۆ،هەر کەسە بابا بوو ئەشیایان خرکردۆهەراتن و کەس نەبووە برایێ کەس، ئەوێندەرێیان چۆل و هۆل کرد.

ئەوجا سەعدی گۆتە مەنیجایێ ئەمن برایەکا هێیە دەبی دەگەرم بێی بزانین چیلێهاتیە؟

چوون لەسەر مافووری دانیشتن گۆتیان قوم بە ئیزنت یا اللە لۆ سەر ماریٚ سەعیدی،چوون لەسەر خانی هەرنیشتن ، چوونە ماریٚ سەعیدی،خەبەریان دا سەعید پاشای گۆتیان ژنەك و پیاوەك هاتینە لەو شکرەی لەو رەنگەی،سەعید پاشای وەگۆ بیان هینن، چوونە کنی بەخێرهاتنی کردن و گۆتیە قازەوانی دوو قازان سەر ببڕە، قازیان سەر بڕین و نانیان خوارد، چوون دەستان بشۆن،سەعدی وەگۆ ئەمن دەستیٚ پاشایە شۆم،پاشاش گۆ ئەمنیش دەستیٚ میٚوانیە شۆم،روحمیان لۆ ئێکدی بزووت،ئێك لەوی ئێك لەوی هەردووکان باسك هەرکردن،تەماشەیان کردئەو سەعدەو ئەویش سەعیدە، ئامێزیان لێکدان ئێکدیان ماچکردو پێك شادبوونۆ،جمعەکی لەکن ئێکدی بوون،سەعدی وەگۆتە سەعیدی:برام نەچین سەرەکی پیرە باوی بدەین، داخوا مایە یان نا،سەعیدی گۆ باشە ئەچین،چوون جلکیٚ دەروێشانیان دەبەر کردن و لەسەر مافووری دتنیشتن وەڕێکەتن لۆ ماریٚ باوی،لەسەر بانی ماریٚ باوی هەرنیشتن ەو بە کۆسپاندا چوونە خواریٚتەماشایان کرد،داك لەو بەری تەندووریٚ دانیشتیە جووش لەو بەری،باویش کۆرە بووە هەرە بۆرژا، چوون گۆتیان میٚوانی نگۆینە،باوی گۆت یاخوا بەخێربێن سەرچاوان،داکیٚ روو گرژبوو وەی گۆتنیٚ لەچە گەرێن؟ئەوانیش گۆ فەقیرو مار وێرانین، سەعدو سەعید دانیشتن ، باوی وەگۆ ئەمن بۆنەکە هەند خۆشا لۆدیٚ هەناوم فێنك بوونۆ،چاوم چاك بوونۆ،گۆتیان ئۆباو ئەمە سەعدو سەعیدین، داکیٚ خیانەت

لەمەش کردو لەتووشی کرد، ئیدی بەیەك شاد بوونۆ و باویان چاوی چاك بوونۆ، هەرستان داك و جوویان پێکۆوە سۆتاندن.

ئەمنیش هاتمۆوە و چم پێنەبڕا.....

ئەو حەکایەتەش خەسووم نەفیسە ئەحمەد کاکەمین، بەرەحمەت بێ بۆی گێڕامۆوە لەساری ١٩٨٣.

خەزێنە

هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن روو رەش تر نـەبوو، بەقسـێ ئـەو ماوەسـتایەی ئـەمن گـوێم لێبـووە ئەرێ:

لەگوندەکی لاپەرگە ژنـەك و پیـاوەك وێکڕانـە ژیـن، پیاوەکـە ئیشـی جۆتیاری بوو، گایەکی رەش و ئێکی سۆری هەبوون،رۆژێ هەرەسـتا ئەچووە جۆتی، پارچە زەویەکە باشیشی هەبوو، رۆژەکی لـەوەختی جۆتکردنێ، گاسن دەکوپـەکی ئـارا،وەکی تەماشـەی کـرد، کوپـەکی گـەورەی پـڕی زێڕ،تـازە بەسـەر خـەزێنێ هـەربوو،جۆتی بـەرەللا کرد،تەماشـەی کـردێ کابرایـەکی دوور لـەوی بەسـواری بەوێـدا ئەڕۆیشت، دەدری خۆیدا گۆتی : هەبی و نـەبی ئـەو سـوارەی ئـەمن دیتیمـە وەکـی خەزێنـەم هینایتـە دەرێ، وەچـاکە بـانگی بکـەمێ ، نیوەی خەزێنێی بدەمی، وەبی لـەکن خـەرکی بـەحس نـەکا، بـانگی کـابرای کـردو گـۆتی: هـۆ کـابرا ،وەرە ئێـرە ئیشـم پێی،کـابرا هـات نێزیکـی بـووەوە ، جۆتیـاری گـۆ وەڵلا نـای دەمـێ، کـابرای سـوار گەیشتە کـن جۆتیـاری گۆتیـە جۆتیـاری لـۆ بانگـت کردم؟جۆتیـاری

گۆت چ نەبوو نە، ئەوە گۆتم داخوا(گای سۆر باشترە یان گای رەش؟)،کابرای سوار گوت، جامن چسوانم خۆئەمن ساحێبی گایان نیمە، سوارەکە رۆیشت،ئەو جارەی دری کەتۆ خەتەریێ، گۆتی مابەچەزانن ئاگای لێنەبووە، دیسان بانگی کردۆوە،کابرا دیسان هاتۆ، گۆتی ها جۆتیار چیە دیسان لۆ بانگت کردمۆ؟جۆتیار دیسان پشێمانی بۆوە.گۆتی هیچ نیە هەرگۆتم بزانم ئەتوو قەتت ئەمن دیتیمە لە چ جێیان؟کابراش گۆت : ناوەڵلاّقەتم نەدیتی.

کابرا توورە بوو و رۆیشت.

وەکی کابرای سوار رۆیشت، جۆتیاریش مشاوەش بوو ،هەرستا کوپە زێری دە بەرامپیلێ وەرپێچاو گەڕاوە ماریێ و لەجێیەکی دانا،چوو گایان وەبەستی ،ژنێش تەماشەکردیێ،گۆتی بەلاش نیە مێردم هەندە زوو گەڕایتۆ،چوو تەماشەی پرێسکێی کرد،وەکی لێراما دیتی زێرە، زێری لەپرێسکی بەتار کردو بەردەکی دەناو پرێسکێ نا، جۆتیار هاتۆ ،گۆتی ژنێ ئەمنا چمە ماریێ پاشای ، ئەچم ئەوێ دیاریێی لۆبەم.

جۆتیار چۆ ماریێ پاشای ، خورامان تێوەڕاخوڕی، گۆتیان کێواچی؟گۆتی دیاریەکم لۆ پاشای هینایە، خەبەریان دا پاشای گۆتیان جۆتیاری دیاریەك لۆ هینای، پاشای گۆت لێی گەڕێن بابێ، چۆ ژۆریێ پاشایدانیشت، پاشای گۆتە خورامان دە پرێسکێ بکەتۆ بزانن چی تێدایە؟وەکی خورامان کردۆ، تەماشەیان کردیێ بەردەکی

گەورەیەو هیچی دی نیە، جۆتیاری خۆ تێك نەدا،گۆتی پاشام خۆشبی ئۆ چەند رۆژە بەخۆ بەژنێن مناقەشەیە ژنمە رێ ئەو بەردە (هۆقەك) بی، ئەمنیشە رێم هۆقەك نابی، ئەلعانێ پێم خۆشە ئەمە لەبەرێك ببەنە دەرێ،داخوا هۆقەك ئەبی یان نا.

پاشا توورەبوو، گۆتی برۆن ئەو بێقیمەتەی دەزینداِنیێ کەن،جۆتیاریان دەزیندانێ کرد، خورامـاش چاودێریەکرد،داخوا چەرێ،جۆتیاریش لەخەفەتان هە دەستی بائەدان وەکی بازنەکێی دەست تێك دەئاراندن،هە فکریەکردنۆ ئەیگۆ ئەو لیرانە هەموو ئەهەندەبوون ، چیان لێهات؟خورامانیش ئاگا لێبوو، چوونە سەر سەری پیلیان گرت و هەریان ستاند، گۆتیان ئەوە چتە ئەو دەستانە لۆ ئیوهە لێئەکەی؟جۆتیاریش وەگۆ: وەلا ئەوە فکر لەوەیەکەمۆ ئەرێم سەری پاشای هەندەی گەورەیەو داکیشی هەندا کچکۆکەیە، کووی تێوە هاتیتە دەرێ؟ ئەو قسانە لەکن پاشای ئەکات، پاشاش زۆری لێ توڕابی، ئەرێ برۆن گیشە گیایەکێ بینن هەریدەنە ناوێ بابسۆتێ، دەناو گیشە گیایێ ئیشکیە نێن،ئاگری تێبەرەدەن،وەختەکی گەرمیاییەگاتێ ئەرێ دەرم بینن هەموو شتو پێئەرێم، دەیهیننە دەرێ، ئەرێن ئەوجا قسەکەن لۆ بکە بزانین ئەتوو چت دیتیتۆوە؟

جۆتیـاریش ئـەرێ گیشـە گیـا سـۆتا؟ پاشـاش ئـەرێ ،ئـەرێوەڵلا هەمووی سۆتا،جۆتیارەرێ خۆ دەنـاو دابامـە ئەمنیشـە سـۆتام،ئێجا ئەمن لۆ بسۆتێم؟

پاشاش ئەرێ ئازادی کەن ، ئەو زەلامـەی هـیچ لەسـەر نیـە، ئەبیتـە پێکەنین و جۆتیاری ئازادەکەن.

جۆتیـاریش ئەچیتۆ مارێ،لـەرێیێ هەرپرتـە پرتیتـی، ژنـی بـەدوودا دێ، بانگیـەکات ئـەرێ پیاویژگـە ئـەها کوپـە زێـڕ ئۆتـەو جۆتیـار درخۆشەبی و هەتا مان ژیانەکی خۆشیان رابارد،

ئەمنیش چ پێنەبرا.

ئەو حەکایەت خوالێی خۆشبی: حاجی قادری عەولابەگی لۆی گێڕامەوە.

فەرهەنگۆك

*– ئاچم: ئەوا دەچم،وادەچم.

*–ئادێم: ئەوا هاتم، واهاتم.

*–ئارێم: وا دەڵێم .

*–ئووهە:ئەوها، وەها، ئاوا.

*–ئیوهە:ئاوا، بەم جۆرە.

*–ئەوێش:واتا ئەو، بۆ ژنان بەکاردێ.

*–ئەویش : ئەو، بۆ پیاوان بەکاردێ.

*–ئەلبیسە: جلوبەرگ.

*–ئەی رێتێ: پێی دەڵێ.

*–ئێدی: ئەوەی تر،ئەوی دیکە.

*–ئیستەرەم:ئێستا، هەنووکە.

*–ئەو سرڕەی: ئەو نهێنیەی.ئێگدی: یەکتر.

*ئەمیش: ئەمنیش، منیش.

*–ئەشکەفتە: ئەشکەوت.

*–ئەو خێماهێ: ئەو خێمەی کەلە دوورە.

*–ئیوهە: ئەوها، ئاوا، بەم جۆرە.

*–ئێگدی بناسنۆ: یەکتر بناسنەوە.

*–ئەو خێماهێ: ئاماژەیە بۆ خێمەیەکی دوور.

*–ئەوی وەگۆ: ئەو وای ووت، بۆ نێر

*—ئەویٚ وەگۆ: ئەو وای ووت، بۆ مێ.

*—تۆین باز: واتا فێڵ باز، کلاو چی.

*   *   *   *

*—بارنج: بێبەشکردن لە میرات.

*—بنیا دەم: مرۆڤ.

*—بناوان: شوێنی هەڵبەستنی ئاو،ژنێك سەرپەرشتی ماڵ بکات.

*—بەو میسالی: لەو جۆرە.

*—بەو تەرحە: بەو جۆرە، بەم شێوەیە.

*—بن کەوش : بن پیل، ژێر باڵ.

*—بزووت: جوولا، بەرێکەوت.

*—بشێرۆ: بشارەوە.

*—بردۆ: بردیەوە ماڵ.

*—بسورمان: موسوڵمان.

*—بادیلۆکە: جامی ئاو خواردنەوە.

*—بەهانە:هەنجەت، بیانوو

*—بەرچێر:پێشەوەی کراسی ژنان.

*—بەهاییی: وەخۆ هاتەوە،بەئاگا هاتەوە.

*—بیژی مۆتە: کەسێکی زیتەڵ، بەتوانا.

*   *   *   *

*—پێویا: پێویستی پێبوو.

*—پسساینە:تۆقیون،ترساون.

*—پسیلە: پشیلە.

*–پێوەبووینە: تووش بووینە.

*–پێیان بەغاریێ وەنا:رایان کرد،غاریان دا.

*–پەشتەمار:پەشتەماڵ،پەڕۆیەك،خاولیەك.

* * * *

*–تیسکە تاو: تروسکایی ڕۆژ.

*–تۆربە:جۆرێك،توورەکە.

*–تەرسمات:تەلەسمات.

*–تەقەت کردن: شاردنەوەی شتێك.

*–توولە:سەگی گچکە،

* * * *

*–چسوانین: چوزانین.

*–چشتاقە ئەشیا: هیچ شتێك،هەرچی شتە.

*–چەرێی: چی ئەڵێی.

*–چوو و لێوەشێرم:چیتان لێ بشێرمەوە.

چاکەی: چی ئەکەی.

*–چەلەنگ: لێوەشاوە، لێهاتوو.

* * * *

*–حیسان: مرۆڤ، ئینسان.

*–حەیوانی داکرد: مەڕو ماڵات بردنە ناو هۆر.

*– حورمە:ژن، نامەحرەم.

* * * *

*–خان:جێی حەواندنەوەی جاران کاتێ لەکاروانکردن لایان دەدا.

*–خۆشترەوێ: خۆشتری دەوێ.

*–خەنی:کەیف خۆش، دڵخۆش.

*–خەبەری بۆوە: لەخەو هەستا.

*–خەزنە: دیتنەوەی زێڕو زیوێکی زۆر لە ژێر زەوی.

*–خورامان تێوەڕاخوڕی:پاسەوانەکان دەنگیان داو ئاگاداریان کردەوە.

* * * *

*–دانووسینم:چاوەڕوانیکردی شتێك، خۆ شاردنەوە.

*–داتنۆ: دەهاتنۆ.

*–دەبەری هەرما: لەخوارەوە سەیری کرد.

*–دەگە: دەگەر

*–دەپاریان کرد:یەکێك ژنیان بۆ بردبێتە ژێر جێگا.

*–درك: دڵی باڵندە.

*–دەبەریێی دابوو: لە گیرفانیدا بوو، لەباخەڵیابوو.

*–دێرەکە: مێیەی سەگ.

*–دەرك گارەدان: دەرگا کلیل دان.

*– دڕی: جۆرە دڕکێکە.

* * * *

*–ڕۆرە: ڕۆڵ.

*– ڕەشە شیو: شیوێکی زۆر،زۆر جۆر لە خواردن.

* * * *

*–شۆق: شەوق، ڕووناکی.

*–شکر: وێنە.

*–شوانە وێرکە:یەکێك ئیش و کاری هەر شوانەتی بوویێ.

*–شەویێ دی: شەوی رابردوو.

*– شەوا دی: دوێنیێ شەو.

*– شەو ترادی: پێریێ شەو.

*– شرقژنی لێوەهینا: نیشانەی پێکا، تەقەی لێوەهینا.

*– شواڕك: قەدی باریکی دار.

*   *   *   *

*– فرتەفرت: پرتەو بۆڵە.

*–فرانکە، فلآنەکەس

*–فەتاڕەت: لەناو چوون.

*   *   *   *

*–قولماتیێ نەکەی: دەنگیێ نەکەی، قسەنەکەی.

*–قسێم لۆبکە: قسەم بۆ بکە.

*–قمەك: قومە ئاوێك.

*–قول: رەش پێست،لێرە بەمانای بەندە دیێ.

*   *   *   *

*–کاغەزەکم وێیە: نامەیەکم لایە.

*–کۆسپان: قالدرمە، پەیژە.

*–کسۆك : سەگ.

*– کەڕەنگر: گەلای داربەڕووی وشك بوو.

*–کێرکەر: خزمەتکار،کارەکەر.

*– کۆرەی کە: کوێریکە.

*-کوڕە مەرگی: ژیانێکی ناخۆش، مەمرەو مەژی،کوڵە مەرگی.

*-کێواچی : بۆ کوێ دەڕۆی؟.

*-کیوەختی : چ کاتێك؟.

*-کورپژگە: کورتکراوەی کوڕۆکە.

*-کەرتك کە: بیکە دوو پارچە.

*-کتك : پشیلە.

*-کووچەکەر : پیرەکەر.

*-کەورکردن: جیاکردنەوەی گۆشت و پێست.

*- کیان مایە: کێیان ماوە؟.

*-کەیفا خۆتە: کەیفی خۆتە، چۆنت پێباشە.

* * * *

*-گر: گڵ، خۆڵ.

*-گور: گوڵ.

*-گرواندن: جیاکردنەوەی گۆشت و پێست.

*-گۆڕین: کۆن , جاران

* * * *

*-لۆیەبەی: بۆی ئەبەی.

*-لەی وابی: لای وابوو.

*-لەسەر دەستێ خۆ ژی:خۆی خۆی دەژیێنی.

*-لێراهێ: لەولاتر بۆ شوێنێکی دوور.

*-لەنۆپاش: لەمەو دوا.

*-لگبن: خشتێك.

*–لەزگ بوو: خەریك بوو.

*– لە هیکرا: لەناکاو.

*   *   *   *

*–مار داریکەر:کەسێکی کاسب، کەسێ خەمی ماڵ و حاڵی خۆی بێ.

*–مەدریس: مەجلیس.

*–مێ پێش : نەیە پێش.

*–مگێز: حەز، ئارەزوو، پێم خۆشە.

*–مفەیری : ئەشکەوت.

*–مۆرکردن: نووستنی مەڕو ماڵاَ،

*   *   *   *

*–نەجێیانە بیتۆ: جێگایان نابێتۆ.

*–نایێرم:لێناگەڕێم، ناهێڵم.

*–نیقاش: روو پۆش

*–نیقاب: پەردە

*–نوانەوە: نەرم بوونەوە لەناو ئاو.

*   *   *   *

*–هەرات: هەڵات.

*– هەڕەت: سەردەم.

*–هەلاکۆ: لاچۆ،

*–هەرێن: بەڵێن، پەیمان.

*–هاتمۆکنت: هاتمۆ لات.

*–هەرەتان: بەلاَو سەر ئێشە.

*–هاڕژن: قوڵپی گریان.گریانی بەدەنگ.

*–هەر بێنیٚ: هەر ڕۆژەی، هەر جارەی.

*–هاڕاند: هاواری کرد،بانگی کردن.

*–هۆقە:کێشێکە، واتا چوار کیلۆ،بەچوار کیلۆ دەگوترا هۆقە.

*   *   *   *

*–وارێمە: پێی دەڵێم.

*–وێیدەن، پێی بدەن، بیدەنیٚ.

*–وێکڕان: بەیەکەوە.

*–وەلحاسری کەلام: بەکورت و کرمانجی.

*–وەدووی ڕاچوو: بەدوایدا چوو.

*–واك : هێن، هەرامە.

*–وانەك: هێن و هەرامە.

*– وەی برێنیٚ: پێی بڵێن.

*– واکی وەگۆ: ئەوی وەگۆت، بۆ نێر.

*– واکیٚ وەگۆ: ئەویٚ وەگۆت، بۆ میٚ.

*   *   *   *

*–عەییامەك: چەند ڕۆژێك.

*– عازمان: یەکێك زۆر ئازاری هەبیٚ.

*–عەلەل ئەجەل:بە زووترین کات.

*–عەگید: پیاوی ئازا، لێوەشاوە، مەرد.

□